گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/0ap1gj33
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 18/06/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان (توێژینەوەیەکی وەسفی – شیکارییە)

**تەحسین وسو عەبدوڵلا[1] - ئەمین فەرەج شەریف[2]**
amin.sharif@su.edu.krd - tahseen.wsu@su.edu.krd
[1+2]بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلیژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
لە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) کوردەکان دابەشکران بۆ سەر چوار دەوڵەت، بەشێکی سەرەکی خاکی کوردستان خرایەسەر دەوڵەتی تازە دامەزراوەی تورکیا (١٩٢٣)، ئەمە جگە لەوەی ئەو بەشەی خرایەسەر عێراق، بۆ تورکیا وەک شوێنێکی ستراتیژی بەدیکراوە بە تایبەت لە ڕوی وزە و ئاسایشەوە. لە ڕوی جیۆپۆلیتکەوە لە خەیاڵدانی دەوڵەتی تورکیا ئەو بەشەی کوردستان (باشوری کوردستان) بەردەوام وەک هەڕەشە لەسەر ئاسایش و شوناسی دەوڵەت بەدیکراوە.
ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە دوای دروستبونیەوە لەلایەن تورکیا بۆچی وەک شوێنێکی گرنگ بەدیکراوە و فاکتەرێکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەنقەرەی پێکهێناوە چ لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرامبەر عێراقدا بێت یانیش سیاسەتی تایبەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بێت. بۆ ئەم مەبەستە لەڕوی میتۆدۆلۆژییەوە جگەلە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان، لەدیدی دەستورەوە، لێدوانی فەرمی دەوڵەت و نوخبەی سیاسییەوە شیکردنەوە بۆ ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیاوە لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان کراوە.
لە دوای دروستبونی کۆماری نوێی تورکیا تا وەکو نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو ڕوانگەی ئەنقەرە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەییدا بەرامبەر عێراق مامەڵەی لەگەڵ کوردەکانی عێراق کردوە و وەک فاکتەری هەڕەشە لەسەر ئاسایش و شوناسی دەوڵەت سەیرکراوە. پاشان دروستبونی دەسەڵاتی سیاسی وایکردوە تورکیا ڕوانگەیەکی ئاسایشی و سەربازی سەیری هەرێمی کوردستان بکات، ئەم دیدگایە تاکو ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) بەردەوام بو، بەڵام دوای ئەمە هەرێمی کوردستان توانییەتی ببێتە گەورەترین بازاڕی ئابوری بۆ تورکیا، ئەمەش وایکرد تێڕوانینی تورکیا لە چوارچێوەی ئەمنییدا بێتەدەرەوە.
لە چوارچێوە سێ تەوەردا لێکدانەوە بۆ ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوە کراوە، یەکەم خستنەڕوی شوناسی دەوڵەتی تورکیا، دووەم ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی بەشێوەیەکی گشتی و سێیەم دیدگای تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان.
**کلیلە وشەکان:** کورد، تورک، دەوڵەتی تورکیا، هەرێمی کوردستانی عێراق.

# The Turkish State's Attitude Towards the Kurdistan Region (Descriptive – Analytical Research)

**Tahseen Wsu Abdullah[1] - Amin Faraj Shareef[2]**

[1+2]Department of Political System and Public Policy, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

After the fall of the Ottoman Empire, the Kurds territory were divided into four states. A large part of Kurdistan territory was annexed to the newly established Turkish state (1923). In terms of geopolitics, the Turkish state has always seen this part of Kurdistan as a threat to the security and identity of the state.

This study aims to explain why the Kurdistan Region has been seen as an important place by Turkey since its establishment and has formed a major factor in Ankara's foreign policy, whether in the context of Turkey's policy towards Iraq or Turkey's special policy towards the Kurdistan Region. For this purpose, in addition to the relations between Turkey and the Kurdistan Region, the Turkish state's attitude towards the Kurdistan Region has been analyzed from the perspective of the constitution, official statements of the state and the political elite.

Since the establishment of the new Republic of Turkey, until the 1990s, Ankara's approach to Iraq has treated the Iraqi Kurds as a threat to the security and identity of the state. Then the formation of power made Turkey look at the Kurdistan Region from a security and military perspective, this view continued until the years (2007-2008), but after this the Kurdistan Region was able to become the largest economic market for Turkey. The content of the research is analyzed within three themes: first, the identity of the Turkish state, second, the Turkish state's view of the Kurds as a nation in general and third, Turkey's view of the Kurdistan Region.

**Keywords:** Kurd, Turk, Turkey State, Iraqi Kurdistan Region.

## ١- پێشەکی

تورکیا وەک دەوڵەتێکی پاشماوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە (١٩١٤-١٩١٨) دامەزراوە، ئەو دەوڵەت، ناوچانەی پێشوتر بەشێک بون لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، تورکیا وەک دەوڵەتێک سیاسەت و ڕوانگەیەکی تایبەتی بۆ ئەم خاکانە هەیە، هەندێک کات و لە هەندێک شوێن تا ئێستاش خۆی وەک هاوبەشێکی سەرەکی ئەم خاکانە دەبینێت. کورد بەگشتی وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دابەشکران بۆ سەر چوار دەوڵەت، بەشێکی سەرەکی خاکی کوردستان خرایەسەر دەوڵەتی تورکیا، ئەمە جگە لەوەی ئەو بەشەی خرایەسەر عێراق، بۆ تورکیا وەک شوێنێکی ستراتیژیی بەدیکراوە بە تایبەت لە ڕوی وزە و ئاسایشەوە، هەروەها لە ڕوی جیۆپۆلیتکەوە لە خەیاڵدانی دەوڵەتی تورکیا ئەو بەشەی کوردستان وەک بەشێکی دابڕاو سەیر دەکرێت و لەلایەن نوخبەی سیاسی تورکەوە مەیلی وەرگرتنەوەی ئەو خاکە وەک دروشمی نەتەوەیی بەردەوام بەکاردەهێنرێت.

هەرێمی کوردستان لە دوای دروستبونیەوە (١٩٩٢) لەلایەن تورکیا وەک شوێنێکی گرنگ بەدیکراوە، هەمیشە فاکتەرێکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەنقەرەی پێکهێناوە چ لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرامبەر عێراقدا بێت یانیش سیاسەتی تایبەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بێت. لەڕوی ستراتیژیی ئاسایشییەوە هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بەردەوام وەک فاکتەرێکی سەرەکی لەبەرچاو گیراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە؛ هەر بەرەو پێشچونێکی کورد لە عێراق کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دەبێت بۆ کوردەکانی تورکیا، لە دوای جێگیربونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستاندا تورکیا وەک پرسێکی ئەمنی قوڵ مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکە کردوە، لەبەر ئەوەی ئەنقەرە لەو بڕوایەدایە بۆ ڕوبەڕو بونەوەی هەڕەشەکانی پەکەکە دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، پرسی ئاسایشی وزە لەپاڵ بابەتە ئەمنی و شوناسییەکانی یەکێکی دیکەیە لە فاکتەرەکانی کاریگەر لە ئاراستەکردنی سیاسەتی تورکیا لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان.

### ١-١- کێشەی توێژینەوە:

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەیتا چ ڕادەیەک تورکیا هەرێمی کوردستان هەم وەک دەرفەت هەمیش وەک هەڕەشە دەبینێت؟ ئەگەرچی لە دوای کردنەوەی کونسولخانەی ئەنقەرە لە هەولێری پایتەختدا لەساڵی (٢٠١٠)دا شێواز و ئاستی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە – هەولێر لە چوارچێوەی کلاسیکی دەرچو (چوارچێوەی ئەمنی)، ڕەهەندەکانی دیکەی ئابوری و کەلتوریش بونە پێکهێنەری سەرەکی پەیوەندییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ تورکیا جارێکی تر گەڕایەوە سەر ڕوانگەی کلاسیکی، ئەویش بە هەڕەشە سەیرکردنی هەرێمی کوردستان بو. ئەم هەڵبەز و دابەزە وایکردوە توێژەر لە کاتی توێژینەوە بەرەو ڕوی ئەو ئاڵۆزییە ببێتەوە.

### ١-٢- ئامانجی و گرنگی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوە دەرخستن و ڕونکردنەوەی ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بنەما شوناسی و ئایدۆلۆژیای سەرەکی دەوڵەتی دەوڵەت کە لەسەر دژایەتیکردنی شوناسی ئەوی دیکە بنیاتنراوە. ئەمەش گرنگە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە لێکدانەوەی ستراتیژییەتی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئامانج و پرەنسیپە سەرەکییەکانی دەوڵەت کە لە دەستوردا دیاریکراون.

**١-٣- پرسیاری توێژینەوە:**

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە بریتییە لەوەی ئایا هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی تورکیا وەک دەرفەت یان هەڕەشە دەبینرێت؟ یان بە گوزارشتێکی دیکە چ فاکتەرێک وایکردوە تورکیا هەرێمی کوردستان وەک هەڕەشە ببینێت؟ یانیش بە پێچەوانەوە ئەو فاکتەرانە چین کە ڕۆڵیان هەبوە لەوەی کە تورکیا هەرێمی کوردستان وەک دەرفەت ببینێت؟

**١-٤- گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانەی توێژینەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕوانگەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەر و گۆڕانکاری، گرنگترینیان پرسەکانی ئاسایش، وزە،گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانە. لە هەمان کاتدا تورکیا هەر بەرەو پێشچونێکی هەرێمی کوردستان چ لە ڕوی نەتەوەیی، سیاسی و دبلۆماسی، یانیش وزە و ئابورییەوە بێت بە هەستیارییەوە مامەڵەی کردوە، لەبەر ئەوەی پێیوایە گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت لەسەر تورکیا، بۆیە تورکیا هەرێمی کوردستان هەم وەک هەڕەشە هەمیش وەک دەرفەت سەیردەکات.

**١-٥- میتۆدی توێژینەوە:**

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە (Qualitative Research) واتە لەسەر بنەمای چۆنایەتی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە دەربارەی ڕوانگەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان. لەم چوارچێوەیەشدا ڕێبازی وەسفی - شیکاری وەرگیراوە بۆ لێکدانەوەی ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوە.

توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدەست خستنی زانیارییەکان پشتی بە سەرچاوە سەرەکییەکان وەک پەرتوکخانەکان (فەرمییەکان، ئەلیکترۆنییەکان)، توێژینەوە تایبەتمەندەکان و وتارەکانی بەردەست لە وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان و ڕاپۆرت و بڵاوکراوەکانی ناوەندەکانی توێژینەوە وەک سەرچاوەی لێکۆڵینەوە بەکارهێنراون، لەڕوی زمانیشەوە هەریەکە زمانەکانی کوردی، تورکی، ئینگلیزی، عەرەبی و تاڕادەک زمانی فارسیش سودی لێبینراوە.

**١-٦- پەیکەری توێژینەوە:**

توێژینەوە جگە لە پوختە و پێشەکی و دەرەنجام لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهێاتوە، ئەوانیش، یەکەم شوناسی دەوڵەتی تورکیا، دوەم ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بۆ کورد بە گشتی و سێیەمیش ڕوانگەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان.

## ٢- ناساندنی شوناسی دەوڵەتی تورکیا

دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی (١٩٢٣) لەسەر دەستی مستەفا کەمال تەتاتورک (Mustafa Kemal Atatürk, 1880-1938) دامەزراوە لە دەرەنجامی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. پەیماننامەی لۆزان (٢٣ی تەمموزی ١٩٢٣) دەرەنجامی هەمو ئەو پەیماننامانە بو کە تایبەتمەندی هەرێمایەتی و دیمۆگرافی دەوڵەتی نوێی تورکیای جێگیرکرد(بۆزئەرسلان، ٢٠١٢: ٤٩-٥٠ و ئەنوەر، ٢٠٢٣: ١٧-٣٧).

دەوڵەتی نوێی تورکیا لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی تورکی بنیاتنراوە، هەر لە سەرەتاوە ئەم ناسیۆنالیزمە پرۆژەی دەوڵەتێکی دارشتبو کە لە سایەی ئەم دەوڵەتەدا ناسیۆنالیزمی باڵای نەتەوەی تورکی بە تەواوی جێگیرکرد (Kavakçı, 2025: 57)، جگە لە تورک و زمانی تورک، هیچ نەتەوە، ڕەگەز، زمان و کەلتورێکی دیکە جێگەی نەدەبویەوە و مافی بون و ژیانی تێدا ڕەنگینەدەدایەوە. هەروەک لە مادەی سێیەمی دەستوری کۆماری تورکیادا چەمکی یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت، یەک زمان بە ڕونی بەدی دەکرێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ هیچ پێکهاتەیەکی دیکە بکات لە تورکیا، ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەستوری ساڵی (١٩٢٤) ئەم چەمکانەی بەشێوەیەکی فەرمی خستە نێو چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسی و کەلتوری

لە کۆمەڵگەدا(Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1982). هەروەک لە مادەی (٨٨)ی دەستوری (١٩٢٤)دا هاتوە؛ "هاووڵاتی لە تورکیا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و نەژاد ڕەگەزنامەی تورکیان بەسەردا دەسەپێنرێت " واتە هەمو دانیشتوانی تورکیا بێ ئایین و نەژاد گشتیان تورکن"(Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1924 ). ئەم ڕوانگەیەش تا ئێستاش لە چوارچێوەی دەستوری دەوڵەتدا بە نەگۆڕی ماوەتەوە. پرسی بە تورکبون، تەنها لە چوارچێوەی بنەمای سەرەکی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتدا قەتیس نەبو، بەڵکو کرایە تاکە پێوەری هاووڵاتی بون لە چوارچێوەی دەوڵەتدا و بو بە کەلتوری سیاسی زاڵ لە کۆمەڵگەدا (حەسرەتیان، ٢٠٠٧: ٧). نەتەوەپەرستی، لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەبو لە بنیاتنانی دەوڵەت و کۆمەڵگە لە تورکیا، لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیەدا نەتەوەپەرستی پرەنسیپ بو بە پرۆژەیەک بۆ بونیاتنانی شوناسێکی نەتەوەیی و خەباتکردن بۆ پاراستنی بون و یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت (Seta Panel, 19 Nisan 2006). هەروەک ئەتاتورک لە دەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە (٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩٣٣) دەڵێت؛ "Ne Mutlu Türküm Diyene، چەند دڵخۆشە ئەو کەسەی دەڵێت من تورکم، How Happy is the one Who says she/he is a Turk" (Kuşat, 2003: 53). ئەم وتەیەی ئەتاتورک لەسەر ئاستی سیستەمی پەروەردەییدا گرنگی تەواوی پێدرا بە جۆرێک لە ساڵی (١٩٧٢) بە دواوە ساڵانە لە مەراسیمی دەرچونی فێرخوازان لەسەر ئاستی زانکۆکان لە تورکیا وەکو سوێندی نەتەوەیی جێگرکرا (Polat, 2011: 75-81). ئەم گوتارە بە تەواوی ڕەنگدانەوەی فەلسەفە و شوناسی دەوڵەتە کە تەنیا بۆ نەتەوەی تورکە و باڵای نەتەوەی تورک بەسەر نەتەوەکانی دیکە زاڵدەکات.

دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیا لەسەر بنەمای شەش پرەنسیپی ئەتاتورک (Atatürk's Main Principles (Atatürk İlkeleri) دامەزرا؛ (گەلپەروەری Populism - Halıkçılık، نەتەوەپەرستی Nationalism - Miliyetçilik، دەوڵەتداری Statism – Devletçilik، کۆماریخوازیRepublicanism - Cumhuriyetçilik، چاکسازیخوازی Reformism - Devrimcilik ‘İnkılâpçılık’، سێکۆلاریزم Secularism - Laiklik) (Yücel, Türk Tarihi Kurumu, 18 Aralık 2020). دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیا لەسەر بنەمای ئەم شەش پرەنسیپە بنیاتنرا. ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەشوناسی دەوڵەت هەیە بە تایبەتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دەوڵەت لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی و سێکۆلاریزم پایەکانی خۆی جێگیرکرد (Saito, 2002, 92-98).

لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا (١٩٢٣) ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستی وەک فەلسەفە و شوناسی بنەڕەتی دەوڵەت دیاریکرا، ئەمەش لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکسان بە ڕەتکردنەوەی پێکهاتە فرەنەتەوەییەکانی نێو کۆمەڵگە. لەسەر ئەم بنەمایەش نەتەوەپەرستی تورک لە ڕێگەی زمان، مێژو و کەلتورەوە بە دامەزراوەیکرا، بە جۆرێک شوناسی یەک تەنەوەیی لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە بەتەواوی جێگیرکرا و هەرچی ئامرازی پێویست بو، جا لە ڕوی سەربازی یان پەروەردەیی بێت بەشێوەیەکی زۆرەملێ خرانە خزمەت ئەم ئایدۆلۆژیا نەتەوەپەرستییەی کە پایەکانی دەوڵەتی لەسەر بنیاتنرا، (Turan, 2011: 135-149).

یەکەم دەستوری تورکیا لە مانگی نیسانی (١٩٢٤) لەلایەن ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا/پەرلەمانەوە (Türkiye Büyük Millet Meclisi, TBMM) پەسەند کرا، لەم دەستورەدا ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستی تورکی و شوناسی دەوڵەت لەسەر بنەمای بەتورککردنی ئەوانی دیکە بەتەواوی ڕەنگیدایەوە. پاشان بەپێی یاسا کوشتن و لەناوبردنی زمانی ئەوانی دیکە (جگە لە زمانی تورک) ڕەواکرا، ئەمەش دەرفەتێکی کراوەی بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت ڕەخساند بۆ ئەوەی نەتەوەکانی دیکەی لە چوارچێوەی نەتەوەی تورکدا بتوێنرێنەوە (Assimilation) (حەسرەتیان، ٢٠٠٧: ٨). بەم جۆرە

دەوڵەتی نوێی تورکیا لەسەر بنەمای بە سەنتەرکردنی تورک و توانەوەی ئەوانی دیکە (نەتەوەکانی دیکە) بنیاتنرا، لەم ڕێگەیەوە ئەو مۆزایکە کەلتوری، ئیتنیکی و کۆمەڵایەتییەی دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی پێهات و سەردەمی نەتەوەپەرستی تورک دەستی پێکرد (بێشکچی، ٢٠٠٦: ٣٧-٣٩). دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگەی ئامرازی توند و تیژییەوە کاریکرد لەسەر دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تورکی هاوچەرخ کە گرێدراوی بنەما سەرەکییەکانی ئەو دەوڵەتە بێت کە ئەتاتورک شەش پرەنسیپەی بۆ دارِشت (تاهر، ٢٠١٧: ١-١٤). بەم جۆرە لەگەڵ دەستپێکردنی داکوتانی پایەکانی ئەتاتورک لە دەوڵەت پرۆسەی بە تورککردنی شوناسەکانی دیکەش دەستیپێکرد (روبنسن، ١٩٩٣: ١٠-١١). مەحمود ئەسعەد بۆزکورت (Mahmut Esat Bozkurt، ١٨٩٢ -١٩٤٣) زۆر بە ڕونی ئەم دیدگایەی دەوڵەت دەخاتەڕو و دەڵێت؛ "تورک گەورەیە و تاکە خاوەن ماڵی دەوڵەتە، ئەوەی بە ڕەگەز تورکێکی پاک و خاوێن نەبێ تەنها یەک مافی بە ڕەوا پێدەبنیرێت، ئەویش خزمەتکاریی و نۆکەرییە لەم وڵاتە" (Gödekli, 2017: 562). هەر یەکە لە زیا گۆکیالپ کە لە خێزانێکی کورد لە شاری ئامەد لە دایکبوە (Ziya Gökalp، ١٨٧٦ – ١٩٢٤) و یوسف ئەکچورا (Yusuf Akçura، ١٨٧٦ – ١٩٣٥) لەڕوی هزرییەوە کاریگەریی و ڕۆڵی گەورەیان هەبو لەسەر پەرەپێدانی نەتەوەپەرستی تورکی لە دەوڵەتی تورکیای نوێدا ( Özdemir ve Özkan, 2020: 525-563)، تەنانەت بە باوکی نەتەوەپەرستی تورکی دادەنرێن. گۆکالپ نەتەوەپەرستی تورکی گرێداوە بە ئیسلام و کەلتوری نەتەوەیی، ئاکچوراش نەتەوەپەرستی تورکی گەڕاندۆتەوە بۆ بنەچە و خوێن ( Karaca, 2021: 3588-3601). کەواتە، دەستوری (١٩٢٤) لە تورکیا بنەما، ئایدۆلۆژیا و شوناسی دەوڵەتی دیاریکرد و بوە هۆی بەهێزبونی شوناسی تورک و چەوساندنەوە و پوکانەوەی شوناسی نەتەوەکانی دیکە لە چوارچێوەی شوناسی گشتی دەوڵەت.

## ٣- پرسی کورد لە ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیاوە

بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتی تورکیای هاوچەرخ (١٩٢٣) لەسەر بنەمای یەک نەتەوە بنیاتنراوە، ئەویش نەتەوەی تورکە، واتە دەوڵەتی تورکیا سەرەڕای ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکە فرەیی بەڵام دەوڵەت بنەمای فرەیی پێکهاتەکانی لەبەرچاو نەگرتوە، ئەمەش لە دەستوری دەوڵەتدا زۆر بە ڕونی دیاریکراوە کە پێوەری هاوڵاتیبون بنەمای تورکبونە. کورد وەک نەتەوەیەکی سەرەکی لە تورکیا بەدرێژایی تەمەنی کۆماری تورکیا بەردەوام لەلایەن دەوڵەتەوە پەراوێزخراوە، بەو مانایەی دەستور و یاساکانی دەوڵەت بەردەوام وەک ئامرازێکی چەوسانەوە لە بەرامبەر کورد بەکارهێنراوە بە هۆکاری ئەوەی کورد هەڕەشەیە لەسەر شوناس، ئایدۆلۆژیا و ئاسایشی دەوڵەت، ئەم تێڕوانینە بنەمای سەرەکی و فەلسەفەی دەوڵەتی لەسەر بنیاتنراوە. هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیاوە ڕوانگەیەکی نەگەتیڤ بەدیکراوە و دەوڵەتیش زۆر بە چڕی کاری لەسەر ئەم دیدگایە کردوە بە جۆرێک کورد وەک گەورەترین هەڕەشە ئاراستەی ڕای گشتی تورکیا کراوە. لێرەدا بۆ خستنەڕوی دیدگای دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد لە دوای (١٩٢٣) دابەشی سەر سێ تەوەر کراوە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوی ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا لە چوارچێوەی دەستوری (١٩٢٤) و پاشان ئەو یاسا و بڕیارە تایبەتانەی بۆ کورد و ناوچە کوردییەکان دەرکراون لە ماوەی (١٩٢٣-١٩٥٠). تەوەری دوەم دیدگای بەرامبەر کورد لە دوای ١٩٥٠ تاوەکو ١٩٩٠ خراوەتەڕو لە چوارچێوەی دەستوری (١٩٦١ و ١٩٨٢). تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بۆ پرسی کورد بەگشتی لە دوای (١٩٩٠) تاکو ئێستا، لەم چوارچێوەیەدا ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر ئاستی گوتار و یاساکان ئەنجامدراون تیشکیان خراوەتەسەر.

### ٣-١- پرسی کورد و یەکەم ئەزمونی دەوڵەتی نوێی تورکیا (١٩٢٣ – ١٩٥٠)

ئەگەرچی لە سەرەتای هەوڵەکاندا پلان ئەوەبو دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیا لەسەر بنەمای برایەتی و خەباتی هاوبەشی تورک و کورد دابمەزرێندرێت، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ خەباتی ئەو دو نەتەوەیە بەیەکەوە لە پێناو دروستکردنی

دەوڵەتێک کە شوێنی هەردو نەتەوەی تێدا ببێتەوە (سەعید، ٢٠٢٠: ٤٥٥). بەر لە ڕاگەیاندنی فەرمی کۆماری تورکیای نویٚ کەمال ئەتاتورک شێوازی هەڵسوکەوت و ڕوانگەی بەرامبەر کورد نەرێنی نەبو، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەردەوام ئەوەی دوپات دەکردەوە کە لە دەوڵەتی نوێدا شوێنیهەردو نەتەوەی تورک و کورد وەکو یەک پارێزراو دەبێت، تەنانەت ناوچە کوردییەکان بەر لە راگەیاندنی کۆماردا هەندێک خودموختاری ئیدارییان پێدرابو، بەڵام ئەم ڕوانگەیە تا ڕاگەیاندنی کۆمار بەردەوام، واتە پاش ڕاگەیاندنی کۆمار تێڕوانینەکە پێچەوانە بویەوە (محەمەد، ٢٠٠٦: ١٣١-١٣٣). واتە مستەفا کەمال هەتا کۆتاییەکانی (١٩٢٣) خواستی ئەوەی هەبو کورد وەک نەتەوە جیابکاتەوە لە نەتەوەی تورکی و لارینەبوە لە پێدانی خود موختاری/حوکمی زاتی بە کورد، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەر بیرکردنەوەیدا دێت دەبارەی کوردەکان (فتح الله، ٢٠٠٢: ٢٩١). کۆمەڵناس و نوسەر ناوداری تورک (ئیسماعیل بێشکچی) لە پەرتوکی (کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی)یدا پێیوایە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی ئەتاتورک بەر لە ڕاگەیایدنی کۆماری نوێی تورکیا لە بەرامبەر نەتەوەی کورد پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە یەکخستنی دەنگ و ئیرادەی نەتەوەکانی تورکیاوە هەبو لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان نەوەک دەستپێکی دۆخێکی نویٚ لە تورکیای هاوچەرخدا (بێشکچی، ٢٠٠٢: ٢٨-٣١).

ئەم شێوازەی گۆران لە بیرکردنەوەی کەمالییەکان، بە تەواوی ئەو ئەڵقانەی پچڕاند کە کوردەکانی بە دەوڵەتی ناوەندەوە دەبەستەوە، ئیتر لەمە بەدواوە کەمالییەکان کوردەکانیان وەک دژە دەوڵەتی نویٚ ناوزەندکرد و بەوە تۆمەتباریان کرد کە لایەنگری خەلافەتی عوسمانییە (شالیار، ٢٠١٠: ٧٠). بەم جۆرە ئەو پێکەوەژیانەی لەژێر سایەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە نێوان تورکەکان و کوردەکان بەدیدەکرا کە فاکتەری مەزهەبی هەردو نەتەوەی بەیەکەوە گرێدابو، ئیدی کۆتایی پێکهێنرا، کوردەکان وەک نەتەوەیەکی ئیسلامی کە پشتگیری لە بنەماکانی خەلافەت دەکات پەراوێزخران و سیاسەتی توند و تیژیان لەبەرامبەر بەکارهێنرا (Saito, 2001: 74). لەم بارەوە نوسەری عەرەبی عێراقی شاکر خەسباک (شاكر خصباك، ١٩٣٠-٢٠٢٨) پێیوایە؛ هۆکاری سەرەکی لە دژایەتیکردنی تورکەکان (کەمالییەکان) بۆ کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوردەکانیان وەک هەڕەشە لەسەر خۆیان (ناسنامە و دەوڵەتی نویٚ تورکیا) دەبینی، بۆیە بە هەمو شێوەیەک کاریان لەسەر ئەوەکرد کە کوردەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان (خەسباک، ٢٠٠٥: ٣٣).

هەروەها جەرجیس فەتحوڵا (١٩٢٢ - ٢٠٠٦) لە پەرتوکی (قضية الكرد)چەند هۆکارێکی ئەو گۆڕانکارییە لە بیرکردنەوەی مستەفا کەمالدا ڕویداوە خستوەتەڕو: گرێدانی پەیماننامەی لۆزان، ترسی تورکیا لە نیازی بەریتانیا لە پێدانی حوکمی زاتی بە کوردەکانی باشوری کوردستان، چونکە ئەم بیرۆکەی وەک هەڕەشە بۆ سەرخۆیان و گواستنەوەی بۆ باکور دەدایە قەلەم. لەلایەکیترەوە کەمالییەکان بۆئەوە نەچونە شەڕی ڕێکەوتنامەی سیڤەر تەنازول بۆ مافی کورد بکەن لە ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتیتردا. لەوەش زیاتر کەمالیستییەکان کە نەیانتوانی ئیحتیوای ڕوداوەکانی دەرەوەی سنور بکەن، خۆدەتوانن ئیحتیوای ڕوداوەکانی سنوری خۆیان بکەن، بەپێویستیشیانزانی بۆ دروستکردنی تورکیای کەمالی کاربکەن لەسەر کوژانەوەی مەشخەڵی نەتەوەی کورد لە ناوخۆ (فتح الله، ٢٠٠٢: ٢٩٦).

تەنانەت لە پەیمانی لۆزان (١٩٢٣)دا کە ڕێککەوتنامەی سیڤەری (١٩٢١)ی ڕەتکردەوە کە داوای درستکردنی دەوڵەتێک بۆ کوردەکانی تێدا جێگیرکرابو، لە جیاتی ئەمە تورکەکان رازی بون بەوەی کە کوردەکان وەک کەمایەتییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی تاز دامەزراوەی تورکیادا دانی بەو مافانە دانا کە لە پەیمانی لۆزاندا لە ماددەکانی (٣٨، ٣٩، ٤٠) لە بەشی سێیەم کە تایبەتبو بە پاراستنی کەمایەتییەکاندا هاتبو: "دەوڵەتی نوێی تورکیا بەڵێن دەدات ئەو کوردانەی کەمایەتییەکی ڕەگەزین لە تورکیا مافی ڕاشکاویان دەبێت لە قسەکردن بە زمانی نەتەوەیی خۆیان و دادبینی کردن لە بەردەم

دادگاکان، دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی خۆیان، دامەزراندنی یانەی کوردی لە بواری زانستی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و سودمەندبون لە هەمو مافێکی سیاسی کە تورکەکان هەیانە لەچوارچێوەی دەوڵەتی تورکیای نوێدا" (رفیق، ٢٠٢٠: ١٦).

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا (٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣) و دەرچونی یەکەم دەستوری ئەو دەوڵەتە (نیسانی ١٩٢٤) سەرجەم ئەو بەڵێن و مافانەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نوێی تورکیا درابون بە کەمایەتییەکان، لە ناویشیاندا کوردەکان پاشگەزبونەوە، بۆیە لە دەستوری نوێی توررکیابە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە ماف و ئازادییەکانی کورد نەکرابو، بەڵکو بەشێوەیەکی نەتەوەپەرستانەی زۆر توند دەستورەکە نوسرابویەوە. یەکەم دەستوری تورکیای نوێ گەورەترین ڕێگری یاسایی زۆر بە هێزی لەبەردەم مومارەسەکردنی مافەکانی کورد دروستکرد بە جۆرێک مادده و برگەکانی ئەم دەستورە بونە چەکێکی یاسای بەهێز و کاریگەر بۆ ئەوەی دەوڵەت لە دژی کوردەکان بەکارییان بێنێت (حەسرەتاین، ٢٠٠٧: ٢٠-٢٣). سیاسەتی کەمالیستەکان لە بەرامبەر کوردەکان تەنها لە چوارچێوەی دەستوردا نەمایەوە، بەڵکو دەوڵەت لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای تایبەت ناوچە کوردییەکانی خستەنێو باری نا ئاساییەوە و کوردیان وەک باند و چەتەگەری ناوزەند کرد. لە هەنگاوێکدا (ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا) لە ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٢٣) یاسای ژمارە (٣٥٦) دەربارەی جوداخوازی (چەتەگەری) پەسەندکرد. ئەم یاسا لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورک بەشێوەیەکی بەرفراوان دژی بەشداربوانی جوڵانەوە کوردییەکان بەکارهێنراوە، بەجۆرێک ڕۆژنامە تورکییەکان کوردەکانیان بە (باند) ناودەبرد (ڕەشید، وێبسایتی مێژوو، ٢٠١٦). لەم بارەوە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (١٥٤٧) لە ٢٣ی شوباتی ١٩٢٥ دەرکرد کە تایبەت بو بە باری نائاسایی ناوچە کوردییەکان. مەبەستی سەرەکی ئەم بڕیارە ئەوەبو کە پرسی لە چوارچێوەی ئامرازی سەربازیدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بەپێی ئەم بڕیارە دروستکردنی ڕێکخراوی سیاسی قەدەغەکرا (Kose, 2020: 1263-1264) . سەرۆک وەزیران ئەوکات عیسمەت ئینۆنۆ (Ismet Inönü ،١٨٨٤- ١٩٧٣) یاسای پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتی خستە بەردەم ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکی (Türkiye Büyük Millet Meclisi TBMM) پەسەندکرا، بەگوێرەی ئەم یاسایە حکومەت دەسەڵاتی فراوانی لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە پێدرا بۆ ئەوەی بتوانێت ڕوبەڕوی هەمو ئەو چالاکی و ڕاپەڕینانە ببێتەوە کە لە ناوچە کوردییەکان سەریانهەڵدابو، بەم جۆرە دەوڵەت دەستی کراوەبو لە بەرامبەر هەر بزوتنەوە یان ڕابونێکی سیاسی، مەدەنی یان چاپەمەنی لە ناوچە کوردییەکان، بۆ ئەم مەبەستە بە گوێرەی ئەم یاسایە دادگایەکی تایبەت بە ناوچە کوردییەکان (ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات) (Şahin ve Değerleri, 2015: 12-13). هاوکات لەگەڵ ئەم سیاسەتە توندەی دەوڵەت کە لە ڕێگەی ئامرازە سەربازیی و سیاسییەکانەوە پیادەی دەکرد، لەڕوی کەلتورییشەوە دەوڵەت لەسەر بنەمای دەستور سیاسەتی توانەوەی زمانی کوردیشی گرتەبەر، بەم جۆرە سیاسەتی جینۆسایدی زمان لەلایەن دەوڵەتی نەتەوەپەرستەوە پەیڕەوکرا. دەوڵەتی نوێی تورکیا مۆدێلێکی تایبەتی بە لەناوبردنی زمان و کەلتوری کوردی داهێنا (جینۆسایدی زمان و کەلتور)کە ئامانجی سەرەکی جینۆسایدی نەتەوەیەک بو لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ئایدۆلۆژیای ڕەگەزپەرست(تورکپەرست)یدا (حەسرەتیان، ٢٠٠٧: ٨-٩).

لە پێناو جێبەجێکردنی ئایدۆلۆژیای سەپێنراوی دەوڵەتدا سیاسەتی ڕاگواستنی کوردەکانی لە شوێنی خۆیان بۆ شوێنەکانی دیکەی وڵات گرتەبەر، ئەمەش لە پێناو کەمکردنەوەی ژمارەی کورد و توانەوەی شوناسی کوردی بو. لەم بارەوە ژەنەراڵ کەمالەدین سامی گۆکچەن(Kemalettin Sami Gökçen، ١٨٨٤ - ١٩٣٤) کە سەرکردەیەکی سوپای تورکیا بو، پێیوابو حکومەت سێ بژاردەی لەبەردەمدایە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد (Dilek, 2013: 495):

- بەرپاکردنی جەنگێکی سەرتاسەری خوێناوی بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی وڵات.

- بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ لە کوردەکان بەشداری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کردوە یان بەشداری نەکردوە بە تەواوی چەک بکرێن.

- کۆچپێکردنی زۆرەملێی کوردەکان بۆ ناوچەکانی دیکەی وڵات و نیشتەجێکردنی تورکەکان لە شوێنەکانیان، بۆ ئەوەی لە هیچ شوێنێکی وڵات زۆرینە پێکنەهێنن بە جۆرێک کە مەترسی لەسەر وڵات دروست بکات.

بەم جۆر لە قۆناغی سیستەمی حوکمرانی/سیستەمی تاکپارتی (١٩٢٣-١٩٥٠) لە تورکیا کە بە قۆناغی سەرەتای ڕوبەرو بونەوەی توندی پرسی کورد دادەنرێت لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیای چەقبەستو، سیاسەتی ڕەگەزپەرستییەوە هەوڵی توانەوەی نەتەوەی کورد دراوە جا لە ڕێگەی میکانیزمی سەربازییەوە بێت یانیش پەروەردەیی، ڕۆشنبیریی و کەلتورییەوە بێت لەسەر بنەمای ئەو دەستورەی کە دەوڵەتی نوێی تورکیای لەسەر بنیاتنراوە و شان بەشانی ئەو یاسایانەی کە (ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا) و ئەو بڕیارانەی لە ڕێگەی حکومەتەوە دەرکراون دەربارەی ڕەوشی کورد و ناوچە کوردنشینەکان (ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا). بە درێژایی ساڵانی سیستەمی تاکپارتی دەوڵەتی تورکیا هیچ کاتێک وەک پرسێکی نەتەوەیی سەیری کورد و ناوچەی کوردنشیەنکانی نەکردوە، بەڵکو چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی میکانیزمی سەربازی، سیاسەتی سڕینەوە، توانەوەی شوناس و ڕەگەزپەرستی تورکەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

### ٣-٢- هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا دەربارەی پرسی کورد لە نێوان (١٩٥٠-١٩٩٠)

دوای کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دوەم (١٩٣٩ – ١٩٤٥) و بەشداریکردنی تورکیا لە ڕێککەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لەلایەک و لاوازبونی سیستەمی تاکپارتی و سەهەڵدانی نارەزایی لەناوخۆی وڵات لە بەرامبەر سیستەمی تاکپارتی تورکیای بەرەوڕوی قۆناغێکی نوێ کردەوە، ئەویش بریتیبو لە پەرەسەندنی ڕۆڵی جەماوەر لە ژیانی سیاسییدا. لەم بارودۆخەدا ئەوەی بۆ پارتە سیاسییەکان گرنگ بو، دەنگی هاوڵاتی بو، لە ناوچە کوردنشینەکاندا ئەوەی دەسەڵاتی زاڵبونی جەماوەی هەبو دەرەبەگ و ئاغاکان بون، ئەمەش بوە هۆی لێکنزیک بونەوەی دەرەبەگی تورک و کورد، بە جۆرێک دەرەبەگی کورد لەلایەن دەوڵەت و پارتە سیاسییە تورکەکانەوە بەکارهێنرا بۆ ڕاکێشانی دەنگدەری کورد لە ڕێگەی هەندێک گۆڕانکاریکردن لە یاساکاندا بۆ ئەوەی سەرنجی دەنگدەرە کوردەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن (Karpat, 1959: 99-108). ئەگەرچی دەرەبەگی تورک خۆی بە تەواوی لە دەرەبەگی کورد نزیک کردبویەوە بەڵام هەرگیز وازیان لە سیاسەتی توانەوەی شوناسی نەهێنابو، لە ڕێگەی دەزگا چاپەمەنییەکانەوە بە ئاشکرا حاشا لە بونی نەتەوەی کورد دەکرا. لەم بارەوە ڕۆژنامەی سەن پۆست دەنوسێت: لە تورکیا لە هیچ کات و زەمانێکدا کەمینەیەکی کوردی لە تورکیا بونی نەبوە. دواتر جەلال بەیار (Celâl Bayar، ١٨٨٣-١٩٨٦) سەرۆک کۆماری تورکیا (١٩٥٠-١٩٦٠) کاتێک لە ساڵی ١٩٥٤ سەردانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکات و لە بەردەم ڕۆژنامەنوساندا بە ڕونی دەڵێت هیچ کەمینەیەکی نەتەوەیی لە تورکیا بونی نییە (دیشنەر، ٢٠٠٤: ١١٩-١٢٠). ئەمەش وەک ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی نەتەوە نا تورکەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی توانەوەی (Assimilation Policy) کەمینەکان بە تورککراون.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٥٠) کوردەکان دەنگیاندا بەحیزبی دیموکراتی (Demokrat Partisi، ١٩٤٥) عەدنان مەندەریس (Adnan Menderes، ١٨٨٩-١٩٦١) و جەلال بەیار لە بەرامبەر ئەو بەڵێننانەی ئەم حیزبە بە کوردەکانی دابو لە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات (Çakırbaş, 2022: 21-41)، بەڵام کاتێک حیزبی دیموکراتی دەسەڵاتی گرتە دەست هیچ گۆڕانکارییەک لە ناوچە کوردییەکان نەهاتە ئاراوە، بە پێچەوانەوە تەنها ساڵێک دوای هەڵبژاردن (١٩٥١) حکومەتی مەندەریس لە ڕێگەی (ئەنجومەنی نەتەوەیی گەورەی تورکیا)وە جارێکی دیکە قەدەغەی خستەسەر ناوچە کوردییەکان و تەنها تەنها بەرپرسانی سوپا و پۆلیس ڕێگەپێدراو بون بچنە ناوچە قەدەغەکراوەکان. هاوکات لەگەڵ ئەم

جۆرە سیاسەتە حکومەتی مەندەریس هەنگاوی پێویستی هاوێشت بۆ مەبەستی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی عێراق و ئێران بۆ ڕێگریکردن لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، پارتی دیموکرات تا ساڵی (١٩٦٠) لە دەسەڵات بەردەوام بو کە لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی هێنرا (زورجەر، ٢٠٠٧: ٣٢٣-٣٢٤). ئەگەرچی سەردەمی حیزبی دیموکرات (١٩٥٠-١٩٦٠) بۆ تورکیا بە گشتی و کوردەکان بە تایبەتی سەرەتای قۆناغێکی نوێ بو لەڕوی ژیانی سیاسییەوە، بەڵام هەمو ئەو بەڵێنانەی بە کوردەکان دراوبو هیچی وەک پێویست جێبەجێنەکرا، جارێکی دیکە بە تۆمەتی جۆراوجۆر پرۆسەی گرتن و زیندانیکردنی کوردەکان، بە تایبەت ئەوانەی کاریان بۆ پرسی نەتەوەیی کورد دەکرد لە چوارچێوەی دەولەتی تورکیا. سەرۆکی وەزیرانی ئەوکات مەندەریس لە ساڵی (١٩٦٠) رایگەیاند کە بەشێک لە کوردەکان بە تایبەت ئەوانەی لە نێو حیزبی دیموکراتدان کار بۆ پرسی نەتەوەیی کورد دەکەن، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی پرۆسەی ڕاگواستن، زیندانیکردن وسەرکوتکاری جارێکی دیکە بە چڕی لە دژی کورد بێتە ئاراوە، لەسەر ئاستی کەسایەتی سیاسی، ڕۆشنبیری، دەزگای چاپەمەنییەکان و چالاکوانە کوردەکان (شالیان، ٢٠٠٦، ٩١).

لە دوای کودەتا سەربازیەکەی ٢٧ی ئایاری ساڵی (١٩٦٠)، دەستوری ساڵی (١٩٦١) جێگەی دەستوری (١٩٢٤)ی گرتەوە، ئەم کودەتایە بە سەرەتای قۆناغێکی سیاسی گرنگ دادەنرێت لە مێژوی سیاسی هاوچەرخی تورکیادا، لەبەر ئەوەی یەکەم دەستێوەردانی سەربازی بو لە کۆماری تورکیای نوێدا. ئەم کودەتایە بە سەرکردایەتی جەمال گورسێل ( Cemal Gürsel، ١٨٩٥-١٩٦٦) و کۆمەڵێک ئەفسەری هێزە چەکدارەکانی تورکیا کە خۆیان بە (کۆمیتەی یەکگرتویی نیشتمانی، National Unity Committee N UC، Milli Birlik Komitesi, MBK ) ناوبرد لە دژی حکومەتی دەسەڵاتداری پارتی دیموکراتی ئەو سەردەمە ئەنجامدرا (خۆشناو، ٢٠٠٦: ٦٤-٦٦ – Atatürk Ansiklopedia). هۆکاری دەستێوەردانەکە ناسەقامگیری سیاسی تورکیا و سەختی ژیانی خەڵک و گەندەڵی ئابوری و ئەو تۆمەتانەی کە حیزبی دیموکرات بوەتە پاوانخواز بە سەرۆکایەتی عەدنان مەندەریس سەرۆک وەزیران ببوە ڕودانی. پاش ئەم کودەتایە عەدنان مێندێرس، بەیار و سەرکردەکانی دیکەی پارتی دیموکراتی لە دادگاییکردن بە تۆمەتی گەندەڵی و تاوان دژی دەوڵەتی تورکیا دادگایی کران، دواتر عەدنان و دو لە وەزیرەکانی لە ساڵی (١٩٦١) لەسێدارەدران (Börklüoğlu, 2010: 127-130). کۆمیتەی یەکێتی نیشتیمانی تورکیا کە دوای کودەتاکە دەستی بەسەر حکومەتدا گرت، حکومەتێکی کاتی دامەزراند و ئامادەکردنی دەستورێکی نوێی هێنایە ناو مێژوی تورکیای کۆماری. دوای ئەم ڕوداوە، هەڵبژاردن لە ساڵی (١٩٦١) ئەنجامدرا، دەستورێکی نوێ لە ساڵی (١٩٦١) دارێژرا و پەسەند کرا (Tuna, 2020 :227-251). لە دوای کودەتا سەرۆک کۆمار جەمال گورسێل زۆر بە توندی دژی کورد وەستایەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە گوتی؛ "ئەگەر تورکە چیاییەکان (کوردەکان) بەزوترین کات نەگەڕێنەوە سەر ڕێ و بەئاسودەیی دانەنیشن، سوپا هیچ سڵ لەوە ناکاتەوە شار و گوندەکانیان بۆردومان بکا و لە ناویان بەرێت. گۆمێکی خوێنی وەها دروست دەکەین کە خۆیان و ناوچەکەیشیان لە ناو بچێت" (النعیمی، ٢٠١٠: ٢٢٦-٢٢٧).

دەستوری (١٩٦١) هیچ مافێکی وەک "مافی چارەی خۆنوسین"ی بە گەلی کورد یان هەر نەتەوەیەک نەدابو. چونکە پێکهاتەی دەوڵەتی یەکگرتوی کۆماری تورکیای پاراست و هەمو هاوڵاتیانی لە ژێر شوناسی "نەتەوەی تورک"دا یەکخست. لە دەستوردا بە ڕونی باس لەوە دەکات کە کۆماری تورکیا کۆیەکی دابەشنەکراوە و هەر دەستپێشخەرییەکی جوداخوازانە ڕێگەی پێنادرێت (Dersim Gazetesi, 18 Temmuz 2018).

بەم شێوەیە ئاستەنگ بۆ دانپێدانانی دەستوری بە ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد دروستکردوە و هیچ مافێکی ئازادی و کلتوریی و شوناسی بۆ نەتەوەی کورد دیارینەکردبو. هەمو نەتەوەکانی تورکیا بە کوردیشەوە بە پێی دەستور لە ژێر

چەتری "نەتەوەی تورک" پێناسە کراون (ئەحمەد و مەحمود، ٢٠١٤: ٢٤٦-٢٤٩). دەستوری (١٩٦١) هیچ پێشکەوتنێکی سەبارەت بە مافە دەستەجەمعییەکان یان شوناسی نەتەوەیی کورد نەخستەڕو، تەنها کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕوکەش بەدیکران کە هیچ پەیوەندییان بە مافی بە کۆمەڵی ئیتنیک و ئایینەکانەوە نەبو. بۆیە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و کەلتوری کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا بەرەو خراپتر ڕۆیشت (بێشکچی، ٢٠٠٢: ١٥٧-١٧٤). ئەم بارودۆخە دەستورییە بۆ کورد بەردەوام بو تا کودەتای سەربازی ١٩٨٠.

لە (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) هێزە چەکدارەکانی تورکیا بە سەرۆکایەتیی کەنعان ئێڤرەن (Kenan Evren، ١٩١٧-٢٠١٥)، سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپا ، دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت. پەرلەمان هەڵوەشایەوە، پارتە سیاسییەکان داخران و سەرکردەی حزبەکان دەستبەسەر کران، دەستوری (١٩٦١) ڕاگیرا و یاسای سەربازی لە سەرتاسەری وڵات ڕاگەیەندرا، هاوکات ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی (Millî Güvenlik Konseyi) بە سەرۆکایەتی ئێڤرین دروستکرا بۆ ئیدارەدانی وڵات (Özçelik, 2011: 73-93). سەرەتا کورد لەبەرامبەر ئەم گۆڕانکارییە دڵخۆش بو، بۆیە کاتێک کەنعان ئێڤرەن سەردانی ناوچە کوردییەکانی کرد بە گەرمی لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییەدا بەرەو پێشچون بەخۆیەوە ببینێت (داقوقی، ٢٠١٢: ٢٥٠)، بەڵام ئەم هیوایەی کورد زۆری نەبرد پێچەوانە بویەوە، کاتێک سەرۆک کۆماری (ئێڤرەن) لە ساڵی (١٩٨١) ڕایگەیاند؛ هەمو بیر و بۆچونێکی جیاواز و جوداخواز بێ بەزەییانە پێشێڵ دەکەین و زۆر بە توندی لە دژیان دەوەستین. ئەم هەڵوێستەش جەختکردنەوە بو لەسەر دانەنان بە مافی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا و بەردەوامیدان بە سیاسەتی چەوسانەوە و نکۆڵیکردن لە شوناس و کەلتوری نەتەوەیی کوردیی. دەسەڵاتی سەربازی دەستیکرد بە داخستنی دەزگا چاپەمەنییەکان، قەدەغەکردنی ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان، گرتن و زیندانی کردن و لە سێدارادانی کوردەکان بە پاساوی ئەوەی مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکی وڵات دروستدەکەن (Noyon, 1984: 77-85).

کودەتای ئەیلولی (١٩٨٠) یەکێک بو لە وەرچەرخانە گرنگەکانی پرسی کورد لە تورکیا لەبەر ئەوەی دوای کودەتا گوشارەکان بۆ سەر شوناسی کورد توندتربون و کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکان لە ناوچە کوردییەکان زیاتر بون، لە چوارچێوەی دەستوریشدا ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی کورد لەبەرامبەر تورک زیاتر سەرکوت کرا. ئەم دۆخە زەمینەی ئامادەکرد بۆ ئەوەی ناسنامەی کورد بگۆڕێت بۆ ململانێی سیاسی، بە تایبەتی دوای فراوانبونی خەباتی چەکداری کورد لەبەرامبەر پێشێلکارییەکانی دەوڵەت دەرحەق بە نەتەوەی کورد (Zorbay, 2017: 363).

لە ئاکامەکانی ئەم کودەتایەدا بو کە نەتەوەی کورد بە فەرمی بە تورکی چیایی پێناسە کرا و زمانی کوردی ڕەتکرایەوە کە زمانێکی جیاواز بێت، هاوکات ناوی گوند و شوێنی نیشتەجێبونی کوردی بە تورکی کران (Metz, 1995: 95). تەنانەت خەڵک لە بەکارهێنانی ناوی خۆیان بێبەش کرابون. قسەکردن بە کوردی لە قوتابخانە حکومییەکان بە توندی قەدەغە بو، هەوڵی ئاسمیلەکردنی(توانەوەی) منداڵانی کورد لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە درا (Dursun, 2008: 421-433).

دوای دو ساڵ لە ئەنجامدانی کودەتا، لە (٧ی تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٨٢)دا دەستوری وڵات پەسەندکرا، دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک کە لەژێر ڕێنمایی حکومەتی سەربازیی و دۆخێکی زۆر توند دا ئەنجامدرا. لە پێشەکی دەستورەکەدا کۆمەڵێک چەمک بەدیدەکرێن وەک؛ (نەتەوەی هەتا هەتایی تورک، دەوڵەتی وتورکیای پیرۆز، نەتەوەی تورکی بلیمەت). ئەم چەمکانە گوزارشت و نیشانەی ئەوەن کە لە تورکیا هەمو شتێک لەسەر بنەمای نەتەوەی تورک بنیاتدەنرێت (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, Griş, 1982). لە ماددەکانی(١، ٢، ٣)دا زۆر بەڕونی کوت بەندی توندی لەبەرامبەر گۆڕانکاری لە فەلسەفە، ئایدۆلۆژیا و شوناسی دەوڵەت دانا، لە ڕێگەی ماددەی (٤)داکە هەمو هەوڵێکی بۆ

گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی سێ ماددەی یەکەمی دەستورەکە قەدەغەکرد ( Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1982). لە ماددەی (٢٦)دا دەڵێت "لە قسەکردن، نوسین و کاروباری چاپەمەنییدا ئەو زمانانە بەکارنهێنرێن کە بە یاسا قەدەغەکراون" (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1982). لە ماددەی (٦)دا کە سەروەری بۆ نەتەوەی تورک دەستەبەرکراوە و تەنها نەتەوەی تورکیا بە پێی ئەو بنەمایانەی کە لە دەستوردا هاتوە، سەروەری خۆی لە ڕێگەی ئۆرگانە ڕێگەپێدراوەکانییەوە بەڕێوە دەبات (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1982). هەروەها لە ماددەی (٤٢)دا هاتوە؛ "جگە لە زمانی تورکی هیچ زمانێکی دیکە بۆی نییە لە قوتابخانەکان بخوێنرێت و وانەی پێ بگوترێتەوە وەک زمانی دایک" (Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, 1982).

### ٣-٣- تێڕوانینی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر پرسی کورد لە دوای (١٩٩٠)ەوە تاکو ئێستا

لە دوای هەڵوەشانەوەی سیستەمی دو جەمسەری جەنگی سارد و سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهانی، کە هاوکات بو لەگەڵ کۆمەڵێك گۆڕانکاری ناوچەیی بە تایبەتی جەنگی دوەمی کەنداو، یان جەنگی ئازادکردنی کوەیت ( Oran, 1995: 155-173). هەمو ئەم گۆڕانکارییانە چ لەسەر ئاستی جیهانی یانیش ناوچەیی بن دۆخێکی تازەی بۆ پرسی کورد هێنا کایەوە، لەبەر ئەوەی دەرەنجامی ئەم گۆڕانکارییەی سیستەمی جیهانی ناوچەیەکی دژە فڕین بۆ کوردەکانی عێراق دروستکرا، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری کردە ڕوانگە و دیدگای دەوڵەتی تورکیا بۆ پرسی کورد (Kıymaz, 2010 :19-20). هاوکات دەوڵەتی تورکیا لە پێناو هێورکردنەوەی بارودۆخی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆیی بە تایبەت لە ناوچە کوردنشینەکان کە گرژیی و ئاڵۆزی سیاسی و سەربازی پشێوی تەواوی دروستکردبو، هەروەها دانەران لە هاوکێشە ناوچەییەکان کۆمەڵێک هەنگاوینا لە بەرامبەر پرسی کورد بە تایبەتی لەلایەن سەرۆک کۆمار تورگوت ئۆزاڵ (Turgut Özal، ١٩٢٧-١٩٩٣) بە مەبەستی چارەسەکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد (النعیمی، ٢٠١٠: ٣٣).

ئۆزاڵ لە چاوپێکەوتنێکیدا وتی کێشەی کورد کۆنە و ئاڵۆزە، نەک تەنها لە تورکیا بەڵکو سەرنجی تەواوی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، ئەم کێشەیە تەنها بە ڕێگەی ئاشتی چارەسەر دەبێت. بەلام لە هەمان کاتدا سەرۆک کۆماری ئەوەی ڕاگەیاند کە یەکپارچەیی خاکی تورکیا هێلی سورە و هەمو ئامرازێک بەکاردەهێنن لە پێناو مانەوەی یەکێتی خاکی کۆماری تورکیا (Uçar ve Akandere, 2017 :365-392). ئەم لێدوانە سەرۆک ئۆزاڵ دەربارەی کێشەی کورد هەنگاوێکی گرنگ لە مێژوی سیاسی هاوچەرخی تورکیا بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی سەرۆک کۆمار بە ئاشکرا بەو جۆرە ڕوانگە و دیدگای دەسەڵات بۆ پرسی کورد ڕابگەیەنرێت.

لەو چوارچێوەیەدا گۆڕانی بەرچاو لە سروشتی پرسی کورددا ڕویدا لەلایەن ئەکتەرە سیاسییەکانی بە تایبەت لە لایەن ئۆزال سەرۆک کۆماری ئەوکاتەوە قبوڵ کرا و گەڕان بەدوای چارەسەری دیموکراسی بۆ ئەو پرسە بەو ئاراستەیە دەستی پێکرد (نۆیمایەر، ٢٠١١: ٢٥-٢٦). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانرا ڕێبازە تەقلیدیەکان بۆ پرسی کورد بشکێنرێت، گەڕان بەدوای چارەسەردا لە ئاستی گوتاردا مایەوە بەتایبەت لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای وڵات تێڕوانینێک دەستی پێکردوە کە چارەسەری کێشەی کورد بە نەهێشتنی پەکەکە بەدی دێت. ئۆزال لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانین و پێناسانەدا، لە پرسی کورد نزیک بوەوە، لەوانەش ئابوری و دواکەوتویی ناوچەکە، بەتایبەتی وەک پرسێکی شوناسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دیموکراسیکردندا و بەهێزترین ئیرادەی بەرەو چارەسەری لەو سەردەمەدا نیشان دا. بەم شێوەیە دەستپێشخەرییەکانی ئۆزال زەمینەی بۆ دەستپێشخەرییە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لە قۆناغەکانی دواتردا ڕێگەی خۆشکرد بۆ پرسی کورد و لە چوارچێوەی شوناسی نەتەوەییدا (Uçar ve Akandere, 2017: 365-392).

لە ماوەی دوای (١٩٩٠)کانەوە لەسەر ئاستی سیاسی و چاپەمەنی و کەلتوریدا جۆرێک لە کرانەوە و بەرەو پێشچون لە سیاسەت و ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر کورد بەدیکراوە، پارت و ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنی بە گوێرەی دەستور و یاساکانی دامەزراون. لەم چوارچێوەیەشدا بۆ یەکەمجار بەشێوەی فەرمی و یاسایی یەکەم پارتی کوردی بە ناوی پارتی کرێکاری گەل(Halkın Emek Partisi - People's Labour Party) دامەزرا، بەڵام دوای ساڵێک لە کارکردن لە (١٩٩٣) لەلایەن دادگای دەستورییەوە قەدەغەکرا (Watts, 1999: 631-656). دواتر لە (١٩٩٣) پارتی ئازادی و دیموکراسی (Özgürlük ve Demokrası Partısı) دامەزرا بەڵام دوای تەنها نۆ مانگ کار و چالاکی پارتەکە قەدەغە کرا، پاشان پارتێکی دیکە بە ناوی پارتی دیموکراسی دامەزرێندرا بەڵام ئەویش لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەرەو ڕوی داخستن و قەدەگەکردن بویەوە. لە ساڵی (١٩٩٤) لەیلا زانا و چەند پەرلەمانتارێکی دیکەی کورد لەنێو (ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا) بە جل و بەرگی کوردیی و سیمای کەلتوری نەتەوەیی کوردەوە چونە نێو هۆڵی پەرلەمان و بە زمانی کوردی لەبەردەم پەرلەمانتارانی دیکە ئاخاوتن، بەڵام بەرەو ڕوی هێرشی توند بونەوە لەلایەن تورکە توندرەوەکانەوە، تا کارگەیشتە ئەوەی پارێزبەندی پەرلەمانی لەو پەرلەمانتارانە بسەنرێتەوە و حوکمی (١٥) ساڵ زیندانیان بۆ دەرکرا بەهۆی ئەوەی پێشێلی دەستوری کۆماری تورکیایان کردوە (Yıldız ve Muller, 2008: 18).

لە ماوەی (١٩٩٠-٢٠١٢) پارتی سیاسی کوردی جۆراوجۆر و بە ناوی جیاواز لە تورکیا دامەزران بەڵام دوای دامەزراندن بەرەو ڕوی گرفتی داخستن دەبونەوە بە هۆی ئەوەی کار و چالاکی ئەم پارتە سیاسییانە لەگەڵ بنەماکانی دەستور و یاساکانی دەوڵەتی تورکیا یەکناگرێتەوە، پاشان دەوڵەت سیاسەتێکی دیکەی لەبەرامبەر پارتە کوردییەکان و پەرلەمانتارەکان گرتەبەر ئەویش گرتن، زیندانی کردن، دادگایکردن و لێ سەندنەوەی پارێزبەندی پەرلەمانتاری بوە، ئەم جۆرە سیاسەتە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە. ئەمەش گەورەترین ئاڵنگاری بەردەمی پارتە سیاسییە کوردییەکان بو لە نێو پرۆسەی سیاسی تورکیادا (Center of American Progress, 2017: 21-25).

کاتێک لە ساڵی (٢٠٠٢) پارتی داد و گەشەپێدان (Adalet ve Kalkınma Partısı AK PARTI) لە تورکیا دەگاتە دەسەڵات، سەرەڕای ئەو چوارچێوەیە دەستوری و یاساییەی دەوڵەت کە بەرمەبنای کودەتا سەربازییەکەی (١٩٨٠) بو بەڵام جۆرێک لە کرانەوەی مەدەنی لە ئاست پرسی کورد لە تورکیا ڕاگەیاند. لەڕێگەی دەرکردنی یاسای کۆمەڵە مەدەنییەکان ژمارە (٢/٥٠٧٢)ی ساڵی (٢٠٠٤) (2004/2 5072 Sayılı Kanunun Uygulanması). کرانەوەکە زیاتر پەیوەندیدار بو بە مافی دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتیکردن، بەشداری سیاسی، خەباتی مەدەنی و کەلتوری، بەرەو پیشچونی ئابوری لە ناوچە کوردییەکان، ڕێگەدان بە خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی و بەکارهێنانی لە شوێنە گشتییەکان و چەند مافێکی دیکەی نەتەوەیی لە تورکیا (Derisiotis, 2019: 53-63). ئەم گۆڕانکارییەی دەوڵەت بەرامبەر پرسی کورد وەرچەرخانێکی گرنگ بو لە لە مێژوی سیاسی دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گۆڕانکارییانە هێشتا نەخراونەتە چوارچێوەیەکی دەستوری. بەو مانایەی هێشتا دەستوری (١٩٨٢)ی کودەتا سەربازی (١٩٨٠) لە تورکیا بەرکارە و ئەو مادده سەرەکیانەی دەستوری کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئایدۆلۆژیا، شوناس و فەلسەفەی دەوڵەتەوە هەیە گۆڕانکارییانە بەسەردا نەهاتوە، سەرەڕای ئەوەی لەماوەی (١٩٩٠-٢٠٢٥) چەندین هەمواری دەستوری ئەنجامدراون بەڵام ماددەکانی (١، ٢، ٣)ی دەستور هەروەک لە باسەکانی پێشودا خراوەتەڕو لە ڕێگەی ماددەی (٤)ەوە ڕێگری توند دانراوە بۆ هەموارکردنەوەی هەر سێ ماددەی پیشخۆی، ئەمەش گەورەترین ئاڵنگاری بەردەم هەر پرۆسەیەکی کرانەوە و گۆڕانکارییە لە دیدگا و تێڕوانینی دەوڵەت بەرامبەر پرسی کورد وەک پرسێکی نەتەوەیی لە تورکیا.

### ٤- هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لە نێوان هەڕەشە و دەرفەتدا

ئەتاتورک لە ساڵی (١٩٢٣)دا ترسی هەبو لەوەی کوردەکانی عێراق ببنە دەوڵەت بۆیە وەک فاکتەری هەڕەشە سەیری ویلایەتی موسڵ کراوە و ڕێگربون لەوەی کوردەکان ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆیە ڕازی بو بخرێتە سەر عێراق ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە بنەڕەتەوە دەوڵەتی تورکیا لەسەر بنەمای بە هەڕەشە بینی کوردەکانی عێراق بنیاتنراوە، ئەم تێڕوانینە وەک بیرۆکەی زاڵ لە تورکیا بەدیدەکرێت. دروستبونی هەرێمی کوردستان لە دوای جەنگی کەنداو (دەرپەڕاندنی عێراق لە کوەیت ١٩٩٠) و پاشان ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی عێراق و کۆڕەوە مەزنەکەی بەهاری (١٩٩١) تورکیای خستەبەردەم واقعێکی نێودەوڵەتی ئەویش مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵام چ جۆرە مامەڵەیەک؟ لە (١٩٩٢) تاکو (٢٠٠٥) زۆر توند بو بە هیچ شێوەیەک هەرێمی کوردستانی وەک ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەری قبوڵ نەبوە، چونکە پێیوابو ئەمە هەڕەشەی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیا. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بە فەرمی لە عێراق دانی پێدانرا لە چوارچێوەی دەستوری (٢٠٠٥) تورکیا سیاسەتی خۆگونجاندنی گرتەبەر. چەند ساڵێک دواتر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە – هەولێر بەرەو پیشچونی خێرایان بە خۆیەوە بینی، بەڵام لە ریفراندۆمی (٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧) جارێکی دیکە تورکیا دژایەتی تەواوی خۆی بۆ پرۆسەکە دوپاتکردەوە و وەک هەڕەشەیەکی گەورەی بینی. لەم بەشەدا ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی چوار باسدا خراوەتەڕو. لە باسی یەکەم تێڕوانینی تورکیا بۆ کوردەکانی عێراق/کوردستانی عێراق بەر لە دروستبونی دەسەڵاتی لە هەرێمی کوردستان (١٩٩٢)، لە باسی دوەم دیدگای تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لە (١٩٩٢-٢٠٠٥)، لە باسی سێیەمدا ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٥-٢٠١٧) و لە باسی چوارەمیشدا هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و قۆناغی باسکراوە.

### ٤-١- تێڕوانینی تورکیا بۆ کوردستانی عێراق (بەر لە ١٩٩٢)

دوای شکستی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)، هێزەکانی ئینگلیز ویلایەتی موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری داگیرکرد و ئاگربەستی مۆدرۆس (Armistice of Mudros، ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨) ڕاگەیاندرا لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بەریتانیا، بەم جۆرە ویلایەتی موسڵ لە سنوری جوگرافی ئەو دەوڵەتە بو کە پلانی دامەزراندنی هەبو بە پێی ڕێککەوتنامەی سیڤەر (بەدرخان، ٢٠١٠: ٤٩). بەڵام بە گوێرەی پەیمانی نیشتمانی (میساق میللی تورك) کە لە دوا دانیشتنی مەجلیسی مەبعوسان واتا پەرلەمانی دەوڵەتی عوسمانی کە کەمالییەکان زۆرینەیان پێکدەهێنا لە (١٩٢٠/١/٢٨) لە شاری ئیستانبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی پەسند کرا. ویلایەتی موسڵ (باشوری کورستان/ کوردستانی عێراق) لە چوارچێوەی سنوری ئەو پەیماننامەیەدا بو. واتە ویلایەتی موسڵ سەر بە دەوڵەتی تورکیای نوێ بو کە کەمالییەکان کاریان بۆ دامەزراندنی دەکرد (Özer, 2009: 273-295). پاشان ئەتاتورک لە بەیاننامەیەکدا لە (١٩٢٠/٥/١) سنوری جوگرافی دەوڵەتی نوێی تورکیای ڕاگەیاند کە کە ویلایەتی موسڵ و سلێمانی و کەرکوکیشی دەگرتەوە لە سنوری رۆژهەڵاتدا. لەسەر ئەم بنەمایە شاندی تورکیا لە کۆنگرەی لۆزاندا زۆر پێداگر بون لەسەر ئەوەی کە دەبێت ویلایەتی موسڵ بەشێک بێت لە تورکیا نەک لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا بێت، بۆیە دوای نۆ مانگی لە گفتوگۆکردن نەتوانرا پرسی ویلایەتی موسڵ یەکلای بکرێتەوە، سەرەنجام ئەم پرسە خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلان و لە ساڵی (١٩٢٦) بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان تورکیا و بەریتانیا ویلایەتی موسڵ خرایەسەر دەوڵەتی عێراق( Ünlen, 2024: 358). ئەگەرچی تورکیا نەیتوانی کوردستانی عێراق بخاتە نێو چوارچیوەی سنوری خۆی، بەڵام ڕێگری سەرەکی بو لەوەی کوردەکان (ویلایەتی موسڵ) ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان. لەو کاتەوە دەوڵەتی تورکیای نوێ وەک پرسێکی هەستیار سەیری

کوردستانی عێراقی کردوە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. ئەم ترسەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر کوردستانی عێراق پەیوەندی ڕاستەوخۆی پرسی جیۆپۆلیتیک و ناسنامەی نەتەوەییەوە هەیە (المجموعة الازمات الدولية، ٢٠٠٨: ١).

ئەتاتورک بەردەوام لە لێدوان، کۆڕ، کۆنفرانس و کۆنگرەکاندا ئەوەی دوپات دەکردەوە کە ویلایەتی موسڵ و کەرکوک وەردگرێتەوە، چونکە یاخیبونی کوردەکانی لە عێراق بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بونی خۆی دەزانێت، بۆیە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێککەوتننامەی ئەنجامدا بۆ ڕێگریکردن لە کوردەکان. لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد(١٩٤٦)، کە هێزێکی سەربازی کوردستانی عێراق بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) بۆ یارمەتیدانی کۆمار چوبونە مهاباد، لە بەرامبەردا تورکیا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی تاران و بەغدا لە پێناو ڕوبەڕو بونەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی عێراق (Yassin, 1995: 101-105). پاشان لە (١٩٤٩) لە چوارچێوەی هاوپەیمانی "دراوسێی چاک" (حلف حسن الجوار) لە نێوان عێراق و تورکیا بەسترا بۆ هاوکاری و هەمانگی لەسەرجەم بوارەکان. پاشان تورکیا بوە ئەندام لە هاوپەیمانی بەغدا لە ١٩٥٥ (النعيمی، ٢٠١٠: ١٩). مەبەستی سەرەکی ئەم هاوپەیمانێتی و ڕێککەوتنامانەی نێوان ئەنقەرە و بەغدا زیاتر لە قاڵبدان و ڕوبەڕووبونەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بوە (نوری، ٢٠٢٤: ٩٦). دوای دروستبونی ناکۆکی لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە عێراق لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردو تورکیا هاوکاری عێراقی کردوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. لەم بارەیەوە سیاسەتمەداری کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فڕۆکەکانی تورکیا هاوشانی فڕۆکە سەربازییەکانی عێراق بەشداربون لە بۆردومانکردنی ناوچەکانی کوردستان (Kıran, 2001: 88-99).

حکومەتی عێراق لەسەردەمی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، گڵۆپی سەوزی بۆ حکومەتی تورکیا پێکردبو لە پێناو ڕوبەڕو بونەوەی خەباتی چەکداری کورد لە کوردستانی عێراق. لەم چوارچێوەیەدا لە ساڵی (١٩٨٣) حکومەتی تورکیا ڕێککەوتنامەیەکی سەربازی لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا کرد بۆ بەکارهێنانی خاکی عێراق لە پێناو ڕوبەڕوبونەوەی جولانەوەی نەتەوەیی کورد نەک تەنها لە تورکیا بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. بەپێی ڕێککەوتنامەکە تورکیا بە قوڵایی ٣٠ کم هاتە نێوخاکی عێراق (Hancılar, 2021: 347-359).

سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لەم ماوەیەدا (١٩٢٣-١٩٩٠) بەرامبەر بە کوردستانی عێراق دەکرێت لە چوارچێوەی سێ ڕوانگە لێکدانەوەی بۆ بکرێت: یەکەم؛ دەوڵەتی تورکیا بەر لە دروستبونییەوە تا کو لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق لە ساڵی (١٩٢٦) ئەم بەشەی کوردستانی لە چوارچێوەی سنوری جوگرافی پەیمانی نیشتمانی (میساق میللی) هەژمار کردوە و وەک بەشێک لە خاکی خۆی سەیر کردوە. دوەم؛ لە دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق تاکو ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو، ڕوانگەی تورکیا لە بەرامبەر کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرامبەر عێراق مامەڵەی لەگەڵ کراوە. سێیەم، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە تورکیا لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی سەربازییدا مامەڵەی لەگەڵ کوردستانی عێراق کردوە (Kıran, 2001: 88-99).

## **٢-٤- ڕوانگەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان (١٩٩٢ – ٢٠٠٥)**

دوای شکستی عێراق لە جەنگی داگیرکردنی کوەیت (١٩٩٠) دۆخێکی تایبەت لە کوردستانی عێراق هاتەکایەوە، ئەم دۆخە یارمەتیدەر بو بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان لە دژی ستەم و نادادی حکومەتی عێراق ڕاپەڕین دەستپێبکات، ئەوەبو تەنها لە ماوەی کەمتر لە بیست ڕۆژدا (٥ی ئازار تاکو ٢١ی ئازاری ١٩٩١) توانرا هەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک تەنانەت بە کەرکوکیشەوە لە دەستی ڕژێمی بەعس ئازاد بکرێت. ئەم دۆخەش بوە هۆی ئەوەی دامودەزگاکانی

حکومەت بە تەواوی لەم ناوچەیە بکشێنەوە بۆ ئەوەی بۆشایی سیاسی، ئەمنی و ئیداری دروست بێت. لەکۆتایی مانگی ئازاری هەمان ساڵدا حکومەتی جارێکی دیکە گەڕایەوە ناوچەکانی کوردستانی عێراق بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین، بۆیە خەڵک لە ترسی زەبر و زەنگی حکومەت ڕویان لە سنورەکانی تورکیا و ئێران کرد، ئەمەش سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەلای خۆیدا ڕاکێشا (Charountaki, 2012: 185-208). سەرەنجامی بەدەنگەوە هاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروستبونی ناوچەی دژە فڕین (No Flay Zone) لێکەوتەوە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی (٦٨٨). دوای دەرچونی بڕیارەکە تورگوت ئۆزاڵ سەرۆک کۆماری پیشوی تورکیا (١٩٨٩-١٩٩٣) پێشنیاری دروستکردنی ناوچەی ئارام ( Safe Haven) بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان کرد لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکان. ئەم پێشنیارەی ئۆزاڵ لەلایەن هەریەکە سەرۆکی پێشوی فەرەنسا فەرانسوا میتران (François Mitterrand، ١٩١٦-١٩٩٦) و سەرۆک وەزیرانی پێشوی بەریتانیا (١٩٩٠-١٩٩٧) جۆن میجەر (John Major) پاڵپشتی کرا (ئەحمەد، ٢٠٢٣: ٧٠). تورکیا وەک دەوڵەتێکی هاوسێ بەر لە دروستبونی ناوچەی دژە فڕین لە کاتی کۆڕەوە مەزنەکەی خەڵکی کوردستانی عێراق بۆ سنورەکانی سەرەتا لە ترسی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و ناسەقامگیری سیاسی سنورەکانی داخست بەڕوی شەپۆلی ئاوارەکان. ئەم هەڵوێستەی تورکیا لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نیگەرانی لێکەوتەوە، بۆیە ئەنقەرە لە ژێر فشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ترس لە دەرەنجامەکانی گۆڕانکارییەکان لە کوردستانی عێراق (ماک داول، ٢٠٠٨: ٤٥٧-٤٥٨ )، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا وەک دەوڵەتێکی هاوپەیمانی سەربازی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە جەنگی کەنداو (دەرپەڕاندنی عێراق لە کوەیت) بەرەو ڕوی کۆمەڵێک زیانی ئابوریی ببویەوە، هاوکات بۆ ئەوەی هەندێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی زیانە ئابورییەکانی کەم بکاتەوە پێویستی بەوە بو هاودەنگ بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەسەروی هەموشیانەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بۆیە داواکارییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرچاوگرت و سنورەکانی کردەوە (فولەر، ٢٠٠٦: ٣٥٧-٣٩٩). سەرۆک کۆماری تورکیا تورگوت ئۆزاڵ لەو بڕوایە دابو کە کوردەکان وەک لایەنێکی گرنگ لە نێو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن، بۆیە کەناڵی گفتوگۆ و دیالۆگی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان لەسەروی هەموشیانەوە لەگەڵ (پ.د.ک و ی.ن.ک) (Çandar, 2013: 27-36). ئەم ڕوانگەیەی ئۆزاڵ لەوە سەرچاوەی گرتبو کە لەڕوی جوگرافییەوە کوردستانی عێراق سنورێکی بەرفراوانی لەگەڵ تورکیا هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە لیکنزیکبونەوە دەتوانرێت کوردەکان لە دروستکردنی دەوڵەت پاشگەز بکەنەوە، هەروەها گۆشەگیرکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ڕێگەی کوردستانی عێراقەوە ئامانجی بنەڕەتی کردنەوەی ئەو کەناڵی گفتوگۆ و پەیوەندییە بو (Aykan, 1996: 343-366). حکومەتی تورکیا (ئۆزاڵ) پێیوابو دەکرێت سیستەمێکی کۆنفیدراڵی لە نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراق بێتەکایەوە، ئەمە لەسەر ئاستی جیاجیادا گفتوگۆ و دیالۆگی بەدوای خۆیدا هێنا، لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیادا ئەوانەی لایەنگیری ئەم تێڕوانینە بون پێیانوابو ئەم چارەسەرییە لەبەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیادایە لەڕوی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە (نورەدین، ٢٠٠٠: ٥٢).

ئۆزاڵ ڕێگەی ڕۆژنامەنوس، نوسەر و سیاسەتمەداری تورک جەنگیز چاندەرەوە (Cengiz Çandar) هەوڵی ڕێکخستنی دیداریدا لەگەڵ سەرکردە کوردەکان بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەخۆیان لەگەڵ دروست بکات. بەم جۆرە ئۆزاڵ وەک یەکەم سەرۆک کۆماری تورکیا بەدیکراوە کە هەوڵی ئاسایی بونەوە و نزیک بونەوەی لەگەڵ کوردستانی عێراق داوە لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا (Dündar, Sabah Gazetesi, 1999). سەرەڕای ئەم تێڕوانینەی سەرۆک و لایەنگرانی بەڵام نە لە ئاستی جەماوەری، نە لە ئاستی وەزارەتی دەرەوەدا ئامادەیی تەواو بەدینەدەکرا بۆ پەرەپێدانی ئەم بیرۆکەیە، بۆیە دوای مردنی ئۆزاڵ (١٩٩٣) ئەم پرۆژەیە پەراوێزخرا (Özdağ, 1999: 74).

دوای کشانەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق لە شارەکاندا، هێزەکانی نێو بەرەی کودستانی بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنیاندا، ئەگەرچی تورکیا نیگەران بو لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، چونکە پێیوابو ئەمە هەنگاوە بەرەو درستبونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستانی عێراق و هەڕەشە لە یەکگرتویی و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات، ئەمەش کاریگەری نەگەتیڤی دەبێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی و هەروەها کوردەکانی نێو خاکی تورکیاش زیاتر هاندەدات بۆ وەستانەوەی زیاتر بەرامبەر دەوڵەت. بۆیە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە هیچ شێوەیەک دانی نەنا بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان (Akçay, 2008: 188-189). ئەنقەرە لە پێناو ڕوبەڕو بونەوەی پێشهاتەکانی کوردستانی عێراق لە (١٤ی تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٩٢)، وەزیرانی دەرەوەی تورکیا، ئێران و سوریا لە ئەنقەرە کۆبونەوەیەکی تایبەتیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی پێشهاتەکان و هەماهەنگی سیاسەتی هاوبەش دژی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. هەروەها سعودیە بانگهێشتی ئەو دیدارە کرابو بەڵام بەشداری نەکرد. هەروەها کوردستانی عێراق ویستی بەشداریکردنیان هەبو لەم کۆبونەوەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بانگهێشت نەکرابون نەیانتوانی بەشداری بکەن. دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان نیگەران بون لەم کۆبونەوەیە و پێیانوابو ئامانجی سەرەکی لێدانە لەو ئەزمونە کە دروست ببو. هەرسێ دەوڵەتە دوای کۆبونەوەکە هۆشداریان بە کورد دا لە دابەشکردنی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەروەها هەر سێ دەوڵەت ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی کۆبونەوەی خولی لەسەر ئەو پرسە (Olson, 1992: 475-499)، چونکە ستراتیژییەتی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ یەکگرتوی خاکی عێراقدا بو، بەپێچەوانەوە دژی هەر هەوڵێک بو کە هەڕەشە بێت لە یەکپارچەیی خاکی عێراق. لەم چوارچێوەیەشدا ڕوانگەی ئەنقەرە بەرامبەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەرێنی بو، بۆیە لە ماوەی (١٩٩٢ - ١٩٩٨) سیاسەتی تورکیا خۆی دەبینیەوە لە ڕێگریکردن لە هەر بەرەو پێشچونێک لە هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی دورکەوتنەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق. لەم ڕویەوە وەزیری ئەوکاتی دەرەوەی تورکیا حیکمەت چەتین (Hikmet Çetin) ڕایگەیاند کە تورکیا تەنها لە حاڵەتێکدا ڕەزامەندی دەدات لەسەر ئیدارەیەکی خۆسەر بۆ کوردەکانی عێراق ئەگەر لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق کۆدەنگی لەسەر بکرێت. بۆیە مەیلی دەوڵەتانی ئەمریکا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا و پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پشتیوانیکردن لە ئیدارەی خۆسەری کورد، لە دوای هەڵبژاردنی (١٩ی ئایاری ١٩٩٢) بە شێوەیەکی جددی تورکیای نیگەران کردبو (Kirişçi, 1994: 284).

ئەنقەرە لە دوای درستبونی شەڕی ناوخۆ (١٩٩٤-١٩٩٨) لە هەرێمی کوردستان بەردەوام کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە هەرێمی کوردستان لە عێراق نزیک بێتەوە و دوربکەوێتەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، چونکە پێیوابو ئەمە لە بەرژەوەندی خۆیدا نییە و هەر نزیک بونەوەیەکی هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ستراتیژییەتی ئەنقەرە بەرامبەر بە عێراق کە خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی یەکپارچەیی خاک وڵات و وەستانەوە لە دژی هەر هەوڵێک کە ببێتە هۆی دابەشکردن خاک یان هەڕەشە لە یەکگرتوی خاکی عێراق بکات (Özdağ, 1999: 154). لەم کاتەدا سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە کوردستانی عێراق لە دوڕیانێکدا بو، ئەویش ئەوەبو؛ ئەگەر پارتی و یەکێتی بگەنە ڕێککەوتن، زەمینەسازی دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی دروست دەبێت، ئەمەش لای ئەنقەرە نەک تەنها پەسەند نەبو بەڵکو وەک هەڕەشەیەکی گەورە سەیردەکرا. بە پێچەوانەوە لە ئەگەری بەردەوامبونی شەڕدا، ئەم ململانێیە خزمەت بە قایمکردنی پایەکانی پەکەکە دەکات، هەروەها لەلایەکی دیکەوە بەردەوامبونی شەڕ بەهێزبونی پارتی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ستراتیژییەتی تورکیایە، لەبەر ئەوەی تورکیا بە تەواوی لەگەڵ ئەوەیە داهاتوی هەرێمی کوردستان وابەستە بێت بە بەغدا، کە ئەمریکا ئەمە بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە (Kıran, 2001: 88-99).

سیاسەتی دژایەتی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام بو، بە پاساوی بونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، ڕێککەوتنامەی ئەمنی نێوان عێراق و تورکیا و پیشێل کردنی مافی تورکمانەکان بەردەوام یان لە ڕێگەی ئۆپراسیۆنی سەربازییەوە یانیش هەڕەشەکردن لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەربازییەوە ویستویەتی ڕیگری لە بەرەو پیشچونی ئەزمونی هەرێمی کوردستان بکات (قادر و علی، ٢٠١٠ :٢١-٢٥). لەم چوارچێوەیەشدا کاتێک هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە ئازاری (٢٠٠٣) ویستیان خاکی تورکیا بۆ هێرشی سەربازی سەر عێراق بەکاربێنن پەرلەمانی ئەو وڵاتە ڕێگەی نەدا و ڕەتیکردەوە ئەمریکا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاسمانی تورکیاوە هێرشی سەربازی بۆ سەر عێراق ئەنجام بدات. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی ئاسمانی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر عێراق پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ترس و نیگەرانی هەبو دەربارەی هەرێمی کوردستان، چونکە تورکیا وەک ستراتیژی سەرەکی خۆی بەرامبەر عێراق دژی هەر هەوڵێکە کە یەکێتی و یەپارچەیی خاکەکەی بخاتە مەترسییەوە. لەڕوانگەی تورکیاوە یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم هێرشە سەربازییە ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەرێنی دەبێت بۆ سەر ئەزمونی هەرێمی کوردستان و پەڕینەوە بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ (Kesgin & Kaarbo, 2010:19-36). بۆیە تورکیا دەربارەی گۆڕانکارییە ئەگەرییەکانی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق دو هێڵی سوری بۆ کوردەکان دانا؛ یەکێکیان بریتی بو لەوەی ئەگەر کوردەکان بچنە ناو شاری کەرکوک، ئەوا تورکیا هێزی سەربازی دژ بە هەرێمی کوردستان بەکاردێنێت، ئەوەی دیکەشیان خۆی لەوەدا دەبینییەوە، ئەگەر هاتو کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنن ئەوا تورکیا هێرشی سەربازی دەکایە سەر هەرێمی کوردستان (قادر و علی، ٢٠١٠ :٩٨). دوای نەمانی ڕژێمی بەعس لە عێراق تورکیا لە چوارچێوەی چوار فاکتەر هەرێمی کوردستان وەک هەڕەشە دەبینی لەسەر ئاسایش و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی، ئەوانیش؛ یەکەم دابەشکردنی خاکی عێراق و دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی، دوەم بەرفراوانبونی چالاکییەکانی پەکەکە لە سنورەکانی هەرێمی کوردستان، سێیەم فاکتەری وزە و ئابوری و چوارەم سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان (Erkman, 2015:175). ئەم چوار فاکتەرە هەستیاری ئەنقەرەی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بە تەواوی دەرخست.

### ٤-٣- ڕوانگەی تورکیا تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان (٢٠٠٥ – ٢٠١٧)

دوای ساڵی (٢٠٠٥) هەرێمی کوردستان لە روی سیاسی و یاساییەوە پێی نایە قۆناغێکی گرنگ، بەو مانەیەی لەڕوی سیاسی و یاساییەوە دانپێدانانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بەپێی دەستور وەرچەرخانێکی گرنگ بو هەم لەسەر ئاستی ئاستی ناوخۆیی عێراق، هەمیش لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتییدا (ئەحمەد، ٢٠٢٣: ٧٢-٧٤). لەسەر ئاستی عێراقدا هەرێمی کوردستان توانی ڕۆڵێکی گرنگ کاریگەر ببینێت لە نێو پرۆسەی سیاسیدا، ئەمە جێگەی نیگەرانی ئەنقەرە بو، چونکە پێیوابو دواجار هەڕەشەیە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و بەرژەوەندییەکانی تورکیا بە تایبەت لە کەرکوک، لەبەر ئەوەی بەپێی دەستور کەرکوک و ناوچەکانی دیکە لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)ی دەستوردا بونەتە ناوچەی جێناکۆک لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان، تورکیا ترسی تەواوی هەبو ئەگەر هاتو ئەم ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان کە دەبوایە بەپێی دەستور لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) مادەی (١٤٠)ی دەستور جێبەجێکرابا، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم مادەیە جێبەجێ نەکراوە (Dalar, 2015: 47-70). نوسەری ئەمریکی وشارەزای کاروباری کورد میشێل گۆنتەر (Michael M. Gunter) پێیوایە تورکیا لە پشت دواخستنی جێبەجێکردنی ئەم مادەیەوە، لەبەر ئەوەی تورکیا کەرکوک بە شارێکی ستراتیژی و تورکمانی هەژماردەکات، بۆیە بەرامبەر ئەم پرسە زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە دەکات (Gunter, 2008: 237-249).

سیاسەت و ڕوانگەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٨)ەوە بەرەو وەرچەرخانی مەزن ڕۆیشت بە جۆرێک تێڕوانینی ئەنقەرە تەنها لە چوارچێوەی ئەمنی و سەربازییدا نەمایەوە کە لە قۆناغەکانی پێشوتردا لە چوارچێوەیەکی ئەمنی سەیری هەرێمی کوردستانی دەکرد، بەڵام لەمە بەدواوە گۆڕانکاری گەورە بەدیکرا وەک سەردانە دولایەنەکان و ئاڵوگۆڕی شاندەکان لەسەر ئاستی سیاسی، ئابوری و کەلتورییدا، ئەمەش گۆڕانێکی گەورە بو لە ڕوانگەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان. لەم ڕوانگەشەوە لە توێژینەوەکەدا موحسین باران و موزەفەر ئێرجان یلماز (Mühsim Baran ve Muzeffer Ercan Yılmaz) (نا ئەمنی لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق: لە ماوەی ٢٠٠٨-٢٠١٦) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنە کە لەم ماوەیەدا پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان تەنها لە بازنەی ئەمنییدا نەماونەتەوە، بەڵکو شێوازی پەیوەندییەکان چوارچێوەی ئەمنی و سەربازییەکانی تێپەڕاندوە، ئەمەش دەرەنجامی گۆڕانی ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیایە بەرامبەر هەرێمی کوردستان (Baran ve Yılmaz, 2018: 341-361). ئەوەی لە ڕوانگەی ئەنقەرە بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تا ساڵی (٢٠٠٨) هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر عێراق هەژمارکراوە، واتە هەرێمی کوردستان وەک هەڕەشەیەکی جددی لە ئاسایش و شوناسی دەوڵەت سەیرکراوە، بەڵام دوای (٢٠٠٨) گۆڕانێکی ڕیشەی هاتە کایەوە لە تێڕوانینی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان (خیری ودیگر، ١٣٧٩: ٨١-١٠٦). لە مانگی ئازاری ساڵی (٢٠١٠) تورکیا کۆنسولخانەی گشتی خۆی لە شاری هەولێر کردەوە. ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبو لەسەر بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکان هەولێر-ئەنقەرە (Selcan, Gazete Duvar, 26 Mart, 2017).

لێرەدا ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان هەبو لەم وەرچەرخانە لە دیدگای دەوڵەتی تورکیا بریتین لە؛ یەکەم: کۆنترۆڵکردنی ئەو هەڕەشە ئەمنی، کەلتوری و کۆمەڵایەتیانەی کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەزمونی هەرێمی کوردستانەوە بگوازرێتەوە بۆ ناوخۆی تورکیا، لەبەرئەوەی ئەنقەرە لەو بروایەدایە ئەزمونی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ هەڕەشە لەسەر شوناس و ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا دروستدەکات (باقری ودیگر، ١٣٩٤: ١٠٨-١٣٨). دوەم: جێگیرکردنی پێگەی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، و کەلتوری خۆی لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستان پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ستراتیژییەت و بەرژەوەندییەکانی تورکیا، بەتایبەت لە ڕوی ئابورییەوە هەرێمی کوردستان وەک دەروازەیەکی سەرەکی بۆ ئەنقەرە بەدیدەکرێت، لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندییە بازرگانی و ئابورییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەم ماوەیەدا زۆر پەرەپێداوە (Oktav, 2010: 63-66). سێیەم: فاکتەری پەکەکە، یەکێک لەو پرسانەی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەت و ڕوانگەی تورکیا هەیە بەرامبەر هەرێمی کوردستان بونی پەکەکەیە لە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەنقەرە، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕوبەڕوی ئەم هەڕەشەیە ببێتەوە، هەرێمی کوردستان وەک فاکتەرێکی یارمەتیدەر بەدیدەکات، بۆیە ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر-ئەنقەرە خزمەت بەم ستراتیژییەتە دەکات (Puane, 2017: 39-53). چوارەم: فاکتەری شوناس، لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە تورکیا وابەستەیەکی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، بە تایبەت بونی تورکمانەکان، هەمیشە فاکتەرێکی کاریگەر بوە لە دیدگای سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە پاراستن و گەرەنتیکردنی مافی تورکمانەکان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە نێو پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان فاکتەرێکی دیکەی وەرچەرخانی دیدگای ئەنقەرە بو لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان (Akçay, 2008: 180-197).

لەم ماوەیەدا (٢٠٠٥-٢٠١٦) ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان دابەش دەبێت بۆ دو جۆر ڕوانگە، ڕوانگەیەک بە تەواوی لە چوارچێوەی ڕەهەندی ئەمنی و سەربازییەوە سەیری کراوە، ئەمە لەدوای ئەوەی هەرێمی

کوردستان بەپێی دەستوری عێراق (٢٠٠٥) دانیپێدانرا لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵییدا تا ساڵی (٢٠٠٨) بەردەوام بو، لەم ماوەیەدا تورکیا بەردەوام لە ڕێگەی ڕوانگە و گوتاری توندەوە، شانبەشانی هەڕەشەی سەربازی هەرێمی کوردستانی وەک هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئاسایش و ناسنامەی دەوڵەتی تورک دەبینی، ئەمە جگە لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن و هێرشی سەربازی بۆ ناوچە سنورییەکان بە پاساوی بونی هێزەکانی پەکەکە. ڕوانگەیەکی دیکە لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەدیکراوە ئەویش لە دوای (٢٠٠٨) تاکو پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بەردەوام بو. لەم ماوەیەدا بەپێی تێڕوانینی توێژەران و پسپۆران ڕوانگەی تورکیا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتوە، بە جۆرێک دیدگای ئەمنی و سەربازی تێپەڕاندوە، ئەمەش کاریگەری تەواوی هەبوە لەسەر ئاست و جۆری پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان. ئەم ماوەیە دەتوانرێت بە قۆناغی ئاسایی بونەوە و قوڵ بونەوەی پەیوەندییە دو لایەنەکان هەژمار بکرێ، لەبەرئەوەی ئاستی پەیوەندییە سیاسی و دبلۆماسی، ئابوریی (بازرگانی، وەبەرهێنان)، کەلتوریی و کۆمەڵایەتییەکان بەرزترین ئاستیان تۆمارکردوە.

## ٤-٤- ڕوانگەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان ( ٢٠١٧ – ٢٠٢٥)

مەبەستی سەرەکی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی (٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧) بریتی بو لە ڕاگەیاندنی یەکهەڵوێستی بەرامبەر پرسێکی چارەنوساز کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە نەتەوە، کە ئەمەش کاریگەری دەکاتەوە سەر پرۆسەی نەتەوەسازیی، لەبەر ئەوەی یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوەسازیی دەستەبەرکردنی یەکانگیری سیاسییە، ئەمەش دەکرێت ڕێگەی ریفراندۆمەوە بەدی بێت. ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەم ڕویەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ دروستدەکات لەگەڵ نەتەوەسازیی چونکە زۆربەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر هاودەنگبون.

دوای ئەوەی لە (١٩ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧) لە کۆبونەوەیەکی سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئاستی باڵا ، حکومەت، پەرلەمان و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بڕیاریاندا ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت لە (٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧) (عادل، ٢٠٢١: ١٥١). ئەم بڕیارە لەڕوی ئاسایش و شوناسەوە لەلایەن ئەنقەرەوە وەک هەڕەشەیکی جددی سەیرکرا، ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پرسێکەوە لە روی پرەنسیپ و بەرژەوەندی ستراتیژییەوە کە لەگەڵ عێراق کۆیدەکاتەوە، ئەویش دانانی سنور و ڕێگریکردنە لە بەرامبەر هەر هەوڵێک کە ئامانج لێی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بێت (فولەر، ٢٠٠٦ :١٤٣). بە گوزارشتێکی دیکە، لە قاڵبدانی ئەزمونی سیاسی هەرێمی کوردستان لەڕوی پرەنسیپەوە ئەو خاڵەیە کە هەردو دەوڵەتی عێراق وتورکیا کۆ دەکاتەوە. جگە لەوەی ئەم پرسە لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیادا دەسەڵاتی بەرەو روی دژیەک و ئاڵۆزەیکی زۆر دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی گەورەترین ئاڵنگاری ناوخۆی تورکیا پرسی کوردە کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. لەم چوارچێوەیەدا تورکیا ڕیفراندۆم وەک هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەبینێت (ئەنوەر، وێبسایتی پێنوس، ٢٠١٧/٩/٢٧).

هۆکاری ڕەتکردنەوەی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەلایەن تورکیاوە بۆ دو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە؛ یەکەم پەیوەندی بە هەستیاری ئەنقەرەوە هەیە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە عێراقدا، لەو ڕوانگەیەی کە کاریگەری بەرچاوی دەبێت بۆ دۆزی کوردی لە ناوخۆی تورکیادا،کە لە ڕوی دەستورییەوە لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان و هەر جۆرە حوکمڕانییەکی ناوخۆیی بێبەشن. هۆکاری دوەمیش پەیوەست بو بەوەی کە ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیا وەک پیلانێکی ڕۆژئاوایی، بە تایبەتی ئەمریکا سەیردەکرا، سەرەڕای ئەوەی ئیدارەی ئەمریکاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ڕەتکردەوە، بەڵام ئەنقەرە لەو بڕوایە دابو کە ئەمە گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی تورکیا (دلي، الموقع الجزيرة، ٢٠١٧/٩/١٩). بۆیە لەسەر ئاستی حکومەتی تورکیا وەزیری پیشوی دەرەوە مەولود چاڤوشئۆغلۆ (Mevlüt Çavuşoğlu) ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە هەڵەیەکی گەورە ناودەبات و داوای لە کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتی کرد هەڵی بوەشێنێتەوە (BBC News Türkçe, 16 Ağustos2017). هەروەها سەرۆک کۆمار ڕەجەب تەیب ئەردۆگان (Recep Teyyıp Erdoğan) زۆر بەتوندی دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم وەستایەوە، بە هەنگاوێکی هەڵەی ناوبرد و وتی ئەم پرسە لە ڕاستییدا تورکیا زۆر تورەکردوە، بۆیە هەمو هەنگاوێکی پێویست دەگرینە بەر لەبەرامبەر ئەم هەڵەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان (Anadolu Ajansı, Jun 13,2017). کەواتە تورکیا لەسەر ئاستی فەرمییدا زۆر بە توندی دژی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بو. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ( Milli Güvenlik Kurulu (MGK)) دەربارەی ئەم پرسە لە کۆبونەوەیەکی تایبەتدا ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم ریفراندۆمە کردارێکی نایاسایی و قەبوڵکراو نییە، هەڕەشەیە نەک تەنها بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق بەڵکو کاریگەری نەگەتیڤی دەبێت لەسەر ئاسایشی ناوچەکەش (DW, 22 Eylül 2017).

کەواتە دەتوانرێت بگوترێت ستراتیژییەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان جیا ناکرێتەوە لە کوردەکانی نێوخۆی تورکیا، واتە وەک ئەڵقەیەکی بەیەکەوە بەستراوی جیۆپۆلیتیکی هەژمار دەکرێت، ئەم تێڕوانینەش لەوە سەرچاوەی گرتوە کە هەر بەرەو پیشچونێکی ئەرێنی لە دۆزی کورد لە هەرێمی کوردستان ئەوا ڕاستەوخۆ یان نا راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ئاسایش و شوناسی دەوڵەت لە تورکیا، بۆیە ئەم ئەڵقە جیۆپۆلیتیکییە پێویستی بە جۆرێک لە ڕێگخستنە کە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی تورکیادا بمێنێتەوە و نەبێتە فاکتەری هەڕەشە ئامێز لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت (عەلی، ٢٠٢٤: ٢٣٥).

سەرەرای ئەوەی تورکیا هەڵوێستی توندی نواند لە بەرامبەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوای پرۆسەکە ڕوانگە و تێڕوانینی تورکیاوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات، بەو مانایەی ببێتە هۆی پچڕاندنی سەرجەم پەیوەندییەکان و جێبەجێکردنی ئابلوقەی سیاسی، دبلۆماسی، ئابوری و بازرگانی. هۆکاری سەرەکی ئەم تێڕوانینەی ئەنقەرە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک، لەوانە؛ یەکەم تورکیا وەک بازاڕێکی دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان لە ڕوی ئابوریی (ئاڵوگۆڕی بازرگانی و وەبەرهێنان). دوەم هۆکار پەیوەست بو بەوەی ئەگەر هاتو تورکیا سزا و ئابلوقە بەسەر هەرێمی کوردستان بسەپێنێت، لەوانەیە هەرێمی کوردستان دەروازەی دیکە بەکاربێنێت، بۆ نمونە لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان. ئەم فاکتەرە لە ڕوانگەی تورکیاوە زۆر هەستیار بو، چونکە لەم حاڵەتەدا هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەییان زیاتر دەبو (ئەنوەر، ٢٠١٨: ١٩٦-١٩٨).

## دەرەنجام

1. دەوڵەتی هاوچەرخی تورکیا لەڕوی شوناس و ئایدۆلۆژیاوە لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی ئەوانی دیکە/ شوناسی نا تورک بنیاتنراوە. بە هۆی کورد وەک نەتەوە پێکهاتەیەکی سەرەکی تورکیایە بەڵام لە چوارچێوەی دەستوردا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەم بابەتە نەکراوە، بەڵکو هەوڵدراوە کورد وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی پرۆسەی بە تورککردندا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.
2. کوردەکانی عێراق (کوردستانی عێراق/هەرێمی کوردستان) هەمیشە فاکتەرێکی سەرەکی بوە لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا ئەمەش پەیوەست بوە بە دو فاکتەری سەرەکی، یەکێکیان پرسی شوناسە، ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا تورکمانەکان وەک گروپێکی نەتەوەیی لەلایەن تورکیاوە بەردەوام بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە. فاکتەری دوەم پەیوەستە بە ڕەهەندی ئاسایشی، بە هۆی ئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا کورد وەک نەتەوە پێکهاتەیەکی سەرەکییە کە لە دەرەوەی دەستوردان، بەڵام بەردەوام

تورکیا ترسی لەوە هەبوە مۆدێلی هەرێمی کوردستان کاریگەری بکاتە سەر کوردەکانی نێو تورکیا، بۆیە هەر بەرەو پێشچونێک لەڕوی نەتەوەییەوە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاوە وەک هەڕەشە بەدیدەکرێت.

3. کەواتە، ڕوانگەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی قۆناغە مێژوییەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە، بەو مانایەی دۆخی هەرێمی کوردستان وایکردوە تورکیا خۆی لەگەڵ بگونجێنێت. لە دوای دروستبونی کۆماری نوێی تورکیا تا وەکو نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو ڕوانگەی ئەنقەرە لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرامبەر عێراق مامەڵەی لەگەڵ کوردەکانی عێراق کردوە و وەک فاکتەری هەڕەشە لەسەر ئاسایش و شوناسی دەوڵەت سەیرکراوە. پاشان دروستبونی دەسەڵاتی وایکردوە تورکیا ڕوانگەیەکی ئەمنی و سەربازی سەیری هەرێمی کوردستان بکات، ئەم دیدگایە تاکو ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠٠٨) بەردەوام بو، بەڵام دوای ئەمە هەرێمی کوردستان توانی ببێتە گەورەترین بازاڕی ئابوری بۆ تورکیا، ئەمەش وایکرد تێڕوانینی تورکیا لە چوارچێوەی ئەمنییدا بێتەدەرەوە. سەرەڕای ئەمە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەنقەرە هەرێمی کوردستان وەک فاکتەری هەڕەشە سەیر دەکات و بۆیە هەمو هەوڵەکانی بریتییە لەوەی کە چۆن هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر کاریگەری و هەژمونی خۆی.

4. ئەگەرچی هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان توند بو، بەڵام ئەمە نەبوە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکان لەسەر ئاستە سیاسی ودبلۆماسی، ئابوری و بازرگانی، کەلتوری و کۆمەڵایەتی بپچڕێت، سەرەرای ئەوەی لە دوای ڕیفراندۆم جۆرێک لە ساردی بەدیکرا، بەڵام ئەمە ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان پێچەوانە نەکردەوە. هۆکاری سەرەکی ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە تورکیا لە دوای فرە ڕەهەند بونی پەیوەندییەکان کار لەسەر ئەوە دەکات کە هەرێمی کوردستان لە فاکتەری هەڕەشە ئامێزەوە بگۆڕێت بۆ دەرفەت.

## سەرچاوەکان:


بۆزئەرسلان، حەمید(٢٠١٢). مێژوی تورکیای هاوچەرخ، و: نەجاتی عەبدوڵلا، چ:٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

بێشکچی، ئیسماعیل (٢٠٠٠). تێزی تورک بۆ مێژو، تیۆری زمانی خۆرو کێشەی کورد، و: ئاسۆس هەردی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

بێشکچی، ئیسماعیل (٢٠٠٢).کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، و: حەمە ڕەشید، دەزگای پەخش و چاپی سەردەم، سلێمانی.

بێشکچی، ئیسماعیل (٢٠٠٦). کورد و کوردستان لە نامەکەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ یونسکۆ، و:موکری، چ:٣، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.

بەردخان، شازادە سورەیا (٢٠١٠). کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا، و: ئەحمەد قازی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

تاهر، هەوار خەلیل (٢٠١٧). پەیوەندیا دەولەتا ترکیا جڤاکێ کوردی ل ترکیا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک بۆ زانســتێن مرۆڤایەتی و کۆمەڵناسی، بەربەندا (٢٠)، ژمارە(١).

حەسرەتیان، م.ئە. (٢٠٠٧) یاســا دەســتورییەکانی تورکیا و کورد لەســەردەمی نوێدا، و:د.دلێر ئەحمەد حەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

خۆشناو، عەباس (٢٠٠٦). دەستوری تورکیا و دەستکارییەکانی، لە پەرتوکی (تورکیای نەبەرد لە پێناوی مانەوەدا)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی.

خەسباک، شاکر (٢٠٠٥).کورد و مەسەلەی کورد، و: ئەمجەد شاکەلی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

داقوقی، ئیبراهیم (٢٠١٢).کوردی تورکیا، و: هیمەت عەزیزی کاکەیی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

دیشنەر، د. گوینتەر (٢٠٠٤).کورد گەلێکی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، و: حەمەکەریم عارف، دەزگای ئاراس، هەولێر.

ڕەشــید، ســامان مســتەفا (٢٠١٦). ســیاســەتی کەمالی لە تورکیا بەرامبەر بە کورد لە ١٩١٨ – ١٩٢٦، وێبســایتی مێژوی کورد. https://shorturl.at/iDEgU (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٣/٢٥)

زورجەر، ئێریک جەی. (٢٠٠٧). مێژوی هاوچەرخی تورکیا، و: دکتۆر یاسین سەردەشتی، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

سەعید، سیڤان (٢٠٢٠). ئاڵنگاری خەباتی کوردان لەتورکیە، و: ڕێبوار ڕۆژهەڵات، گۆڤاری تیشک، ژمارە (٥٨)، ساڵی بیست و دوەم، زستانی ٢٧٢٠.

شـــاليان، ژێرار (٢٠١٠). تراژيدياى كورد (ڕاپۆرتێک بۆ نەتەوە يەكگرتوەكان) ، و: وريا ڕەحمانی، دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی موكريانى، هەولێر.

شەمزينى، ستيڤان (٢٠١٣). كورد و تورك لە ململانێی مێژوييەوە بۆ بەرژەوەنديی هاوبەش، مەكتەبی رۆشنبيری و ڕاگەياندنی لقی چواری پ.د.ک، سلێمانی.

عادل، شێروان هاشم (٢٠٢١). ڕيفراندۆم و مافی چارەی خۆنوسين – هەرێمی کوردستان – عێراق - ٢٠١٧ (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی بەراوردکارییە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدين-هەولێر، کۆلێژی زانستە سياسييەکان، هەولێر.

عەلی، د.ساسان حکمەت (٢٠٢٤). ڕەهەندە جيۆپۆليتيکييەکانی ڕيفراندۆمی سەربەخۆيی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.

فولەر، گراهام ئی. (٢٠٠٦). ڕۆڵی پەرەسەندوی تورکيا لە جيهاندا، لە پەرتوکی "جيۆپۆليتيکی نوێی تورکيا؛ ئاسيای ناوەند، بەڵقان و کورد"، و:عادل قەرەداخی، بەڕێوەبەرايەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

قادر و عەلی، پەرويز رەحيم و نەجات (٢٠١٠). کاريگەرييەکانی تورکيا لەسەر هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکريانی، هەولێر.

ماكداول، دەيڤيد (٢٠٠٨). مێژوى هاوچەرخى كورد، و: حاميد ڕەشيدی زەرزا، بێ دەزگای چاپ.

محەمەد، ڕازاو (٢٠٠٦). مەسەلەی کورد لە نوسين و ليداوانەکانی مستەفا کەمال دا، دۆسێی تورکيا، ژمارە ٣.

نوري، بێستون عمر (٢٠٢٤). ستراتيژييەتی تورکيا بەرامبەر بە عێراق (٢٠١١-٢٠٢٣): ڕەهەندی ئاسايشی- نەتەوەيی وەک بنچينە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدين-هەولێر، کۆلێژی زانستە سياسييەکان، هەولێر.

نورەدين، محەمەد (٢٠٠٠). تورکيا لەسەردەمی گۆڕاندا، و: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ئينگۆنۆيمايەر، (٢٠١١).کورد گەلێکی بێ دەوڵەت، و: ڕێبوار تۆفيق، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

ئەحمەد و مەحمود، د. سامان و د.بەختيار (٢٠١٤). مێژوی هاوچەرخی تورکيا، دەزگای چاپ و پەخشی نارين، هەولێر.

ئەحمەد، سەروەر حەمە (٢٠٢٣). پێگەی هەرێمی کوردستان لە سياسەتی جيهانييدا: لێکۆڵینەوەیەک لە دەرفەت و ئاڵنگارييەکان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدين-هەولێر، کۆلێژی زانستە سياسييەکان، هەولێر.

ئەنوەر، پەيرەو (٢٠١٧). ڕيفراندۆم و ئاسايشی- نەتەوەيی تورکيا، وێبسايتی پێنوس. https://shorturl.at/70CKf. (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٣/٢٦).

ئەنوەر، پەيرەو (٢٠١٨). تورکيا: هێزێکی ماندو، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.

ئەنوەر، کەيوان ئازاد (٢٠٢٣). ڕانانێک بۆ (نۆ) ماددەکەی (ڕێکەوتنامەی لۆزان) لێکۆڵینەوەیەکی (مێژويی-بەراوردکاری)يە، ڤەکۆلينێن کۆنفرانسێ یێ نێودەولەتی هەشتێ پەيمانا لۆزانێ ڤەرێژا چەرخەکێ، گورانکاری، کارڤەدان و پاشەڕۆژ، زانکۆیا دهۆک.

Atatürk Ansiklopedisi, Cemal Gürsel (1895-1966), https://shorturl.at/PUeOA (Erişim Tarihi: 26.03.2025).

Atatürk Anisklopedisi, Güneş Dil Teorisi, https://shorturl.at/CWz3h. (Erişim Tarihi: 27.03.2025).

2004/2 5072 Sayılı Kanunun Uygulanması, https://shorturl.at/KNUNs (Erişim Tarihi: 28.03.2025).

DW, (22 Eylül 2017). MGK'dan Kuzey Irak yönetimine uyarı. https://shorturl.at/qSYQt. (Erişim Tarihi: 28.03.2025).

Türkiye Cumhuriyeti Anayasası, (1924), (1961), (1982).

Hancılar, Özhan (2021). 1983-1987 Kuzey Irak'taki Türk Sınır Ötesi Operasyonlarının Hukukîliği, Pamukkale Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, Denizli, Sayı (46). https://doi.org/10.30794/pausbed.835310

Çakırbaş, Ali (2022). Demokrat Parti'nin Milletvekili Seçimlerinde Kullandığı Propaganda Çalışmaları ve Propaganda Araçları, (edit.) Semiha Nurdan ve Muhammed Özler, XVIII. Türk Tarih Kongeresi, Ankara: 1-5 Eylül 2018, Türk Tarih Kurumu Yayınları, VIII. Dizi – Sayı(35), Ankara.

Karaca, Serden Onur (2021). Türk Milliyetçiliğinin İki Farklı Yüzü: Ziya Gökalp Ve Yusuf Akçura" International Social Sciences Studies Journal, Volume (7), Issue (86). DOI: 10.26449/sssj.3357

Kose, Resul (2020). Cumhuriyet'in İlk On Yılında Doğu Vilayetlerinde Emniyet ve Asayişi Sağlama Faaliyetleri, International Journal of History, Volume (12), Issue (3). **DOI Number: 10.9737/hist.2020.877**

Özdemir ve Özkan, Türker ve Fatih (2020). Türkiye'de Ulusal Kimlik İnşası ve Siyasi Parti Kimlikleri, Uludağ Üniversitesi Fen-Edebiyat Fakültesi Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt (21), Sayı (38). https://doi.org/10.21550/sosbilder.591332

Kıymaz, Esra (2020). Türkiye’nin Kürt Sorununa Yaklaşımında Değişim (1990-2010), Yüksek Lisams Tezi, Sakarya Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Uluslararası İlişkiler Bölümü, Sakaraya.
Özkul, Yunus Emre (2019). Akademik Literatürde Türk Tarih Tezi Sorunsalı, İzmir Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt (1), Sayı (1). https://dergipark.org.tr/tr/pub/izsbd/issue/49441/629752
Baran ve Yılmaz, Mühsim ve Muzeffer Ercan (2018). Türkiye-Irak Kürt Bölgesel Yönetimi (IKBY) İlişkilerinde Güvenliksizleştirmeler: 2008-2016 Arası Dönem, ÇOMÜ Uluslararası Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt (3), Sayı (2). https://doi.org/10.31454/usb.476903
Gödekli, Mehmet (2017). Anayasacılık Ekseninde Nevi Şahsına Münhasır Bir Düşün ve Devlet Adamı: “Kelalizm İdeologu” Mehmut Esat Bozkurt, İstanbul Hukuk Mecmuası.
Zorbay, Taner (2017). Tarihsel Bir Sorundan Uluslararası Bir Meseleye: Kürt Meselesi ve Türkiye, The Journal of Academic Social Science Studies, No (55). DOI : http://dx.doi.org/10.9761/JASSS6931
Uçar ve Akandere, Fuat ve Osman (2017). Turgut Özal’ın Kürt Sorununa Yaklaşımı, Atatürk Yolu Dergisi, Sayı (61). https://doi.org/10.1501/Tite_0000000483
Pusane, Özlem Kayhan (2017). Türkiye’nin Kuzey Irak Politikasında Değişim: Turgut Özal ve Tayyip Erdoğan Dönemleri Karşılaştırmalı Analizi, Uluslararası İlişkiler, Cilt (14), Sayı (56). https://doi.org/10.33458/uidergisi.515813
Şahin ve Değerleri, Mehmet (2015). İstiklal Mehkemeleri (Kanun, Gerekçe ve Genel Kurul Tutanakları), Cilt (1), TBMM Kütüphane ve Arşiv Hizmetleri Başkanlığı Yayıları, No (1), Ankara.
Erkmen, Serhat (2015). Eç Etkenler Açısından Türkey’nin Küzey Irak Politikası, Bilig / Türk Dünyası Sosyal Bilimler Dergisi, Sayı (72). https://dergipark.org.tr/tr/pub/bilig/issue/25351/267650
Dalar, Mehmet (2015). Türkiye-Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi İlişkileri: Karşılıklı Bağımlılık Teorisi Bağlamında Petrol İlişkisine Dayalı Bir Analiz, U.Ü. İktisadi ve İdari Bilimler Fakültesi Dergisi Cilt (XXXIV), Sayı (1). https://kutuphane.dogus.edu.tr/mvt/pdf.php
Ünlen, Erdem (2024). 10. Uluslararası Atatürk Kongresi III, Cilt, Atatürk Araştırma Merkezi, Ankara.
Dilek, Hızır (2013). Şeyh Sait İsyanının Kürtler Açısından Önemi, (Editor)Cengiz Yıldız, Kimlik, Kültür ve Değişim Sürecinde Osmanlı’dan Günümüze Kürtler, Uluslararası Sempozyumu, 6-8 Eylül 2012, Bingöl Üniversitesi Yayınları, Bingöl.
Turan, Erol (2011). milliyetçilik teorisinin gelişimi ve türk milliyetçiliği, Selçuk Üniversitesi Sosyal Ve Teknik Araştırmalar Dergisi, sayı (1). https://dergipark.org.tr/tr/pub/sosyoteknik/issue/80340/1373551
Oktav, Özden Zeynep (2010). Çok Boyutlu Türk Dış Politikasına Bir Örnek: Türkiye-Irak-Bölgesel Kürt Yönetimi Arasında Gelişen İlişkiler ve Nedenleri, Ortadoğu Etütleri, Cilt (1), Sayı (2). https://dergipark.org.tr/tr/pub/ortetut/issue/22569/241123
Özer, Ahmet (2009). Beş Büyük Tarihi Kavşakla Kürtler ve Türkler: Tarihsel Gerçek,Sosyolojik Durum, Demokratik Çözüm, Hemen Kitap, İstanbul.
Dursun, Soner (2008). Türkiye’nin Güvenlik Algılamasındaki Değişim: 12 Eylül 1980 Askeri Mudahelesi Sonrası Dönem, Çağdaş Türkiye Tarihi Araştırmaları Dergisi, Cilt (7), Sayı (16). https://dergipark.org.tr/tr/pub/cttad/issue/25239/266858
Kuşat, Ali (2003). Bir Değerler Sistemi Olarak “Kimlik” Duygusu ve Atatürk, Sosyal Bilimer Enstitüsü Dergisi, Sayı (15). https://dergipark.org.tr/tr/pub/erusosbilder/issue/23748/252999
Kıran, Abdullah (2001).Türkiye’nin Kuzey Irak Politikası, Birikim, No.148. https://shorturl.at/F39Ps (Erişim Tarihi: 28.03.2025).
Kaya Özçelik, Pınar (2011). 12 Eylül’ü Anlamak, Ankara Üniversitesi SBF Dergisi, Cilt (66), Sayı (1). https://doi.org/10.1501/SBFder_0000002195

Özdağ, Ümit (1999). Türkiye Kuzey Irak ve PKK, Bir Gayri Nizami Savaşın Anatomisi, Avrasya Stratejik Araştırmalar Merkezi Yayınları, Ankara.

Oran, Baskın (1996). Kalkık Horoz: Çekiç Güç, Avrasya Dosyası, Cilt (3), Sayı (1).

Kirişçi, Kemal (1994). Huzur mu Huzursuzluk mu: Çekiç Güç ve Türk Dış Politikası, Türk Dış Politikasının Analizi, Der. Faruk Sönmezoğlu, Der Yayınları, İstanbul.

Akçay, Nihat (2008). 21. Yüzyılında Türkiye'nin Tehdit Algılamaları ve Güvenlik Açılımları, Doktora Tezi, Uludağ Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Uluslararası İlişkiler Anabili Dalı, Bursa.

Tuna, Işık (2020). 27 Mayıs'ın Gölgesinde Demokrasiye Dönüş: 15 Ekim 1961 Genel Seçimleri, Çağdaş Türkiye Araştırmaları Tarihi Dergisi, C XX, Sayı (40). https://dergipark.org.tr/tr/pub/cttad/issue/56945/801738

Börklüoğlu, Levent (2010). 27 Mayıs 1960 Askeri Müdahalesi Sonrası Türkiye'de Ordu-Siyaset İlişkisi (1960-1965), Çanakkale Onsekiz Mart Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Yüksek Lisans Tezi, Çanakkale.

Dündar, Can (5 Haziran 1999). Özal-Apo-Pazarlığının İçyüzü, Sabah Gazetesi. https://shorturl.at/lzsrd. (Erişim Tarihi: 28.03.2025).

Seta Panel, (19 Nisan 2006).Türkiye'de Yükselen Milliyetçilikler. https://shorturl.at/AJdlA (Erişim Tarihi: 26.03.2025).

Anadolu Ajansı, (Jun 13, 2017). Cumhurbaşkanı Erdoğan: Kuzey Irak'ın bağımsızlığı yanlış bir adımdır. https://shorturl.at/71sqX. (Erişim Tarihi: 28.03.2025).

BBC News Türkçe, (16 Ağustos 2017). Çavuşoğlu: IKBY referandumu Irak'ı iç savaşa kadar götürür. https://shorturl.at/0mVxs (Erişim Tarihi: 28.03.2025).

Dersim Gazetesi, (18 Temmuz 2018). Kürt Düşmanı Cemal Gürsel; Kürt Alevisi, Dersimli ve Pilvenk aşiretindendi, https://shorturl.at/RX06J. (Erişim Tarihi: 28.03.2025).

Yücel, Yaşar (18 Aralık 2020). Atatürk İlkeleri, Türk Tarihi Kurumu. https://shorturl.at/HvAFC (Erişim Tarihi: 26.03.2025).

Selcan, Aydın (26 Mart 2017). Erbil Başkonsolosluğu nasıl açıldı?, Gazete Duvar. https://shorturl.at/uDXNF. (Erişim Tarihi: 28.03.2025).

Aykan, Mahmut Bali (1996). Turkey's Policy in Northern Iraq, 1991-95, Middle Eastern Studies, Volume (32), No (4). https://www.jstor.org/stable/4283832

Çandar, Cengiz (2013). Turgut Özal Twenty Years After: The Man and the Politician, Insight Turkey, Volume (15), No (2). https://www.insightturkey.com/commentaries/turgut-ozal-twenty-years-after-the-man-and-the-politician

Center for American Progress, (2017). Trends in Turkish Civil Society, Center for American Progress, Istanbul Policy Center, and Institute Affair International, Istanbul.

Charountaki, Marianna (2012). Turkish Foreign Policy and the Kurdistan Regional Government, PERCEPTIONS, Journal of International Affairs Volume (17), No (4). https://library.dogus.edu.tr/mvt/pdf.php

Derisiotis, Anthony (2019). Erdoğan, Turkey's Kurds and the Regionalization of the Kurdish Issue, New Middle Eastern Studies Vol (9), No. (1). https://nmes.pubpub.org/pub/053roz3f/release/1

H. Karpat, Kamal (1959). Turkey's Politics the Transition to a Multi-Party System, Brinton University Press, Brinton.

Kavakçı, Merve (2015). Deconstrution of Turkey's National Identity: Then and Now (A Postcolonial Critique), Üsküdar Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, Sayı 1. https://doi.org/10.32739/uskudarsbd.1.1.11

Kesgin & Kaarbo, Baris & Juliet (2010). When and How Parliaments Influence Foreign Policy the Case of Turkey's Iraq Decision, International Studies Perspectives, Volume (11), Issue (1). https://www.jstor.org/stable/44218619

M Gunter, Michael (2008). Permanent and New Realities Facing the Kurdistan Regional Government: Options and Prospects, Journal of Muslim Minority Affairs, Volume (28), No (2). https://doi.org/10.1080/13602000802303177

Metz, Helen Chapin (1995). ed. Turkey: A Country Study, GPO for the Library of Congress, Washington.

Noyon, Jannifer (1984). Bridge Over Troubled Regions, The Center for Strategic and International Studies, Georgetown university, The Washington Quarterly, 7(3). https://doi.org/10.1080/01636608409550047

Olson, Robert (1992). The Kurdish question and Geopolitics and Geostrategic Changes in the Middle East after Gulf War, Third Word Quarterly, Volume (13), - Issue (3). https://www.jstor.org/stable/3992197

Polat, Necati (2011). A Tradition in Delivering Injustice: Judiciary and Rights in Turkey, Insight Turkey, Volume (13), No. (4). chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://www.insightturkey.com/file/612/a-tradition-in-delivering-injustice-judiciary-and-rights-in-turkey-fall-2011-vol13-no4

Saito, Miwa (2002). Nation – Building and Conflict Resolution: The Kurdish in Iraq and Turkey, PhD Degree, University of St Andrews.

Watts, Nicole F. (1999). Allies and Enemies: Pro-Kurdish Parties in Turkish Politics, 1990–1994, International Journal of Middle East Studies, Vol (31), N (4). https://www.jstor.org/stable/176465

Yassin, Borhanedin A. (1995). Vision or Reality? The Kurds in the policy of the Great Powers, 1941-1947, Lund University Press.

Yıldız and Muller, Kerim and Mark (2008). The European Union and Turkish Accession Human Rights and the Kurds, The European Union and Turkish Accession, Pluto Press, London.

روبنس، فليب (١٩٩٣). تركيا والشرق الاوسط، ت: ميخائيل نجم خوري، دار قرطبة للنشر والتوثيق والابحاث.

فتح الله، جرجيس (٢٠٠٢). يقضـة الكرد، تاريخ سـياسي 1900-1925، مما يتناول النزاع على جنوب كردسـتان امام عصـبه الامم مع الوثائق والمزكرات المتعلقه به، دار اراس للطباعه والنشر، اربيل.

رفيق، عادل (٢٠٢٠). النص الكامل لمعاهدة لوزان 1923، المعهد المصري للدراسات، اسطنبول.

النعيمي، احمد نورى (٢٠١٠). العلاقات العراقية – التركية الواقع والمستقبل، دار زهران، عمان.

المجموعة الازمات الدولية (٢٠٠٨). تركيا والاكراد العراقيين: تنازع أم تعاون؟، تقرير الشرق الاوسط لمجموعة الازمات رقم ٨١.

دلي، خورشـيد (٢٠١٧/٩/١٩). الخيارات التركية لمواجهة اسـتقلال إقليم كردسـتان، الموقع الجزيرة. https://shorturl.at/V2hGE (التاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٣/٢٨)

خيرى وديگر، مصطفى (٢٠١٨). تبيين اهداف حكومت اقليم كردستان عراق دراتحاد با تركيه، فصلنامه علمى پژوهشى سياست جهانى، دورة هفتم، شمارة اول. 10.22124/WP.2018.2865

باقرى و ديگر، حسـن (٢٠١٥). رويكرد سياسى تركيه در اقليم كردستان عراق و تآثير آن بر آمنيت ملى جمهورى اسلامى ايران، فصلنامه امنيت ملى، سال چهارم، شماره شانزدهم. https://ns.sndu.ac.ir/article_676.html